**وەزارەتی خوێندی باڵاوتوێژینەوەی زانستی**

**ژمارە: ١٥٨٠٩ لە ٢٠٢٢/٩/١٩**

پاڵپشت بە کۆبوونەوەی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی ئەنجومەنی وەزارەت و (ماددەی پەنجایەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو، بڕیاردرا بە دەرکردنی ڕێنمایی خوێندنی باڵا /دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی - ماستەر - دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەی خوارەوە:-

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)**

**ڕێنمایی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا - ماستەر - دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان**

**ماددەی(١): پێناسەکان:**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە، بریتییە لەو واتایانەی کە بەرامبەریان نووسراوە لە هەر شوێنێک لەم ڕێنماییەدا هاتوو بن:

**حکومەت:** حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق.

**وەزارەت:** وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان-عێراق.

**فەرمانگە:** فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان.

**زانکۆ حکومییەکان:** زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق.

**کۆلیژ:** کۆلیژ/فاکەڵتی/سکوڵەکان.

**کۆلیژە پزیشکیەکان:** کۆلیژ/فاکەڵتی/سکولەکانی پزیشکی گشتی و پزیشکی ددان و دەرمانسازی.

**سەنتەرەکانی زمان:** سەنتەرەکانی زمانی زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق.

**بەش:** بەشی زانستی لە کۆلیژ/فاکەڵتی/سکولەکان.

**یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:** یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٠) ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو.

**ماددەی(٢): مەرجە گشتیەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا:**

**یەکەم: تێکڕای نمرە (معدل):**

١- بۆ خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی، تێکرای نمرە (معدل)ی بەکالۆریۆسی پێشکەشکار ڕەچاو ناکرێت بۆ پێشکەشکردن. هەر پێشکەشکارێک تێکرای نمرە (معدل)ی (٥٠%) بێت، مافی هەیە پێشکەشی ئەم جۆرە خوێندنە بکات.

٢- بۆ خوێندنی ماستەر، مەرجە خوازیار تێکرای نمرە (معدل)ی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی پێشکەشکار لە (٦٠%) کەمتر نەبێت، جگە لە دەرچووانی کۆلیژە پزیشکیەکان. ئەو پێشکەشکارانەی تێکرای نمرە (معدل)ی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠%) کەمترە، مەرجە سەرەتا دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بخوێنن، دواتر مافیان هەیە پێشکەشی خوێندنی باڵا/ماستەر بکەن بە شێوەیەک کە ڕێژەی (٦٠%)ی نمرە لەسەر کۆنمرەی بڕوانامەی دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی ئەکادیمی دەبێت و ڕێژەی (٤٠%)ی نمرە لەسەر کۆنمرەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس دەبێت.

٣- بۆ خوێندنی دکتۆرا، مەرجە خوازیار تێکرای نمرە (معدل)ی بڕوانامەی ماستەری ئەکادیمی لە (٧٠%) کەمتر نەبێت و هەروەها مەرجە خوازیار تێکرای نمرە (معدل)ی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە (٦٠%) کەمتر نەبێت، جگە لە دەرچووانی کۆلێژە پزیشکیەکان و هەڵگری نازناوی زانستی هەمیشەیی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردە.

**دووەم: توانستی زمانی ئینگلیزی لە کاتی پڕۆسەی پێشکەشکردن:**

١- بۆ خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی، مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی لە سەرەتای پڕۆسەی پێشکەشکردن مەرج نیە، بەڵکو پێویستە خوازیار لە ماوەی خوێندنەکە و لەگەڵ دەستپێکردنی خوێندنی ئەکادیمی و پێش تەواو بوونی ماوەی خوێندن مەرجەکە دەستەبەر بکات کە لە لایەن (ئەنجومەنی زانکۆ)ەوە ئاستەکەی دەست نیشان دەکرێت، بە پێچەوانەوە راستەوخۆ فەرمانی سرینەوەی ناو (ترقين قيد)ی لە زانکۆکان بۆ دەردەکرێت.

٢- بۆ خوێندنی ماستەر، مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی لە ماوەی پڕۆسەی پێشکەشکردن مەرج نیە، بەڵکو مەرجە قوتابی/خوێندکاری وەرگیراو پێش تاوتوێکردنی ماستەرنامەکەی یەکێک لەم دوو مەرجانەی خوارەوە سەبارەت بە توانستی زمانی ئینگلیزی دەستەبەر بکات، بە پێچەوانەوە راستەوخۆ فەرمانی سرینەوەی ناو (ترقين قيد)ی لە زانکۆکان بۆ دەردەکرێت:-

أ. مەرجە خوازیار بۆ گشت بوارەکان ئاستی (Pre-intermediate)ی لە سێنتەرەکانی زمان لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بە سەرکەوتوویی تەواو کردبێت و بڕوانامەی بەدەست هێنابێت.

ب. یان مەرجە خوازیار نمرەی (٥)ی لە تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی (IELTS- Academic) یاخود لە تاقیکردنەوە هاوتاکانی وەکو (TOEFL-iBT ٥٩، TOEFL-PBT ٤١٤، Pearson Academic- PTE ٥٢) بەدەست هێنا بێت.

٣- بۆ خوێندنی دکتۆرا، مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی لە ماوەی پڕۆسەی پێشکەشکردن مەرج نیە، بەڵکو مەرجە قوتابی/خوێندکاری وەرگیراو پێش تاوتوێکردنی تێزی دکتۆراکەی یەکێک لەم دوو مەرجانەی خوارەوە سەبارەت بە توانستی زمانی ئینگلیزی دەستەبەر بکات، بە پێچەوانەوە راستەوخۆ فەرمانی سرینەوەی ناو (ترقين قيد)ی لە زانکۆکان بۆ دەردەکرێت:-

أ. مەرجە خوازیاری بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان ئاستی (Pre-intermediate)، و هەروەها بۆ بواری زانستە پەتی و سروشتی و پراکتیکی و ئەندازەیی و پزیشکیەکان ئاستی (Intermediate)ی لە سێنتەرەکانی زمان لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بە سەرکەوتوویی تەواو کردبێت و بڕوانامەی بەدەست هێنابێت.

ب. یان مەرجە خوازیاری بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان نمرەی (٥)ی لە تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی (IELTS- Academic) یاخود لە تاقیکردنەوە هاوتاکانی وەکو (TOEFL- iBT ٥٩، TOEFL- PBT ٤١٤، Pearson Academic- PTE ٥٢) بەدەست هێنابێت، هەروەها بۆ بواری زانستە پەتی و سروشتی و پراکتیکی و ئەندازەیی و پزیشکیەکان نمرەی (٦)ی لە تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی (IELTS- Academic) یاخود لە تاقیکردنەوە نێودەوڵەتیە هاوتاکانی وەکو (TOEFL- iBT ٧٣، TOEFL- PBT ٤٩٧، Pearson Academic- PTE ٦٧) بەدەست هێنابێت.

٤-سەبارەت بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی توانستی زمانی ئینگلیزی وەکو ( IELTS- Academic، TOEFL، Pearson Academic- PTE) تەنها لە سێنتەرەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان کاری پێدەکرێت، هەروەها لەگەڵ وڵاتانی (ئەمریکا و بەریتانیا و کەنەدا و نیوزلەندا و ئوستراليا). بە پێچەوانەوە کاری پێناکرێت.

٥- پێویستە لەسەر زانکۆکان ڕاست و دروستی (صحة صدور) بۆ بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی تاقیکردنەوەکانی (IELTS و TOEFL و PEARSON Academic-PTE )ی پێشکەشکاران ئەنجام بدەن.

٦- بڕوانامەی خولی زمانی ئینگلیزی سێنتەرەکانی زمانی زانکۆ حکومیەکانی کوردستان کە لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٩) بە دواوە بە شێوازی نوێ کراوەتەوە بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ کاری پێدەکرێت. هەروەها تاقیکردنەوە نێودەوڵەتیەکانی زمانی ئینگلیزی وەکو (IELTS-Academic، TOEFL، PEARSON- Academic- PTE) بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ (لەسەر بنەمای ڕێکەوتی تاقیکردنەوە) کاری پێدەکرێت بە مەرجێك بڕوانامەکانی (IELTS- Academic، TOEFL، PEARSON- Academic- PTE) کە ماوەی دوو ساڵیان بەسەر تێپەریووە، پێویستە پێشووتر راست و دروستی بۆ بڕوانامەکانیان لە زانکۆکان ئەنجام درابێت.

٧- ئەو پێشکەشکارانەی هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس یان ماستەر)ن لە پسپۆڕی زمانی ئینگلیزی و وەرگێڕان، پێویستە تاقیکردنەوەی توانستی زمانی ئینگلیزی ئەنجام بدەن و لەم مەرجە نابەخشرێن.

**سێیەم: تاقیکردنەوەی توانستی زانستی:**

بۆ ئەوەی خوازیار مافی بەشداریکردنی لە پێشبرکێی وەرگرتن هەبێت، مەرجە:

١- خوازیار لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەربچێت و بە لایەنی کەم (١٥) نمرەی لە (٣٠) نمرەی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوە بەدەست بهێنێت.

٢- پرسیار و هەڵچنینی پەراوی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بە شێوەیەکی ستاندارد و ناوەندی لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆر دادەنرێت بە پێی پسپۆری بەشەکان.

٣- لیژنەیەکی باڵا لە لایەن وەزارەت /فەرمانگە پێکدەهێنرێت بۆ سەرپەرشتیکردنی هەموو پرۆسەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لە زانکۆکان و دەستنیشانکردنی میکانیزمی شێوازی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان.

٤- مامەڵە لەگەڵ پۆینت ناکرێت بۆ مەبەستی دەرئەنجامی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ نمرەی بەدەستهاتوو دەکرێت (واتە نمرەکان جبر ناکرێن و کێرڤ نادرێت لە کاتی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی).

٥- تاقیکردنەوەی توانستی زانستی تەنها بە شێوەی نووسین ئەنجام دەدرێت.

٦- پێویستە لیژنەیەکی زانستی تایبەت لەسەر ئاستی (کۆلێژ یان بەش) سەرپەرشتی تاقیکردنەوەکان بکات.

٧- پێویستە لەگەڵ پێشکەشکردنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لە لایەن مامۆستایان، وەڵامی نمونەیی پرسیارەکان پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوەکان بکرێت.

٨- ئەگەر هاتوو مامۆستا پەیوەندی خزمایەتی تاوەکو پلە (٤) چواری لەگەڵ خوازیاری هەمان پسپۆری خۆیدا هەبوو، ئەوا نابێت مامۆستایەکە بەشداری بکات لە پرۆسەی دانانی پرسیار و هەڵەچنینی پەڕاوی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی ئەو پسپۆڕییە، ئەمەش لە پێناو پیشەیی و شافیەت لە ئەنجامدانی کاروبارە زانستیەکان.

**چوارەم: تەمەن:**

١-بۆ خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی، میچ (سقف)ی تەمەن رەچاو ناکرێت بۆ مەبەستی پێشکەشکردن لەبەرئەوەی خوێندنەکە بە شێوەی پاراڵێل دەبێت.

٢- بۆ خوێندنی ماستەر، مەرجە تەمەنی خوازیاری دامەزراو (فەرمانبەری هەمیشەیی ) لە دامودەزگا حکومییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لە (٤٥) چل و پێنج ساڵ زیاتر نەبێت. ئەگەر تەمەنی لە سەرووی (٤٥ ساڵ) چل و پێنج ساڵ بێت، ئەوا دەتوانێت بە شێوازی پاراڵێل پێشکەش بکات.

٣-بۆ خوێندنی دکتۆرا، مەرجە تەمەنی خوازیاری دامەزراو (فەرمانبەری هەمیشەیی ) لە دامودەزگا حکومییەکانی هەرێم و عێراق لە (٥٠) پەنجا ساڵ زیاتر نەبێت. ئەگەر تەمەنی لە سەرووی (٥٠) پەنجا ساڵ بێت ،ئەوا دەتوانێت بە شێوازی پاراڵێل پێشکەش بکات.

٤- بۆ خوازیارانی دانەمەزراو، رەچاوی میچ (سقف)ی تەمەن ناکرێت بۆ مەبەستی پێشکەشکردن بۆ خویندنی ماستەر و دکتۆرا.

**پێنجەم: ساڵانی خزمەت:**

١- بۆ خوازیارانی دامەزراو (فەرمانبەری هەمیشەیی)لە دامودەزگا حکومییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق ، مەرجی ساڵانی خزمەت بەپێی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە کارپێکراوەکان لەهەرێمی کوردستان دەبێت

٢- بۆ خوازیارانی دانەمەزراو لە یەکێک لە دامودەزگا حکومییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق، بە بێ هەبوونی مەرجی ساڵانی دەرچوون و تێپەڕین بەسەر بەدەستهێنانی دوا بڕوانامە، راستەوخۆ مافی پێشکەشکردنیان هەیە و بۆ ئەم مەبەستەش خوازیاران پێویستە بەڵێننامەی فەرمی یاسایی لە سەرۆکایەتی زانکۆکان پێشکەش بکەن کە لە هیچ دامودەزگایەکی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراق دانەمەزراون، لە حاڵەتی پێشکەشکردنی زانیاری نادروست، قوتابی/خوێندکار راستەخۆ فەرمانی سڕینەوەی ناوی (ترقین قید)ی بۆ دەردەکرێت و رێکاری یاسایی بەرامبەر دەگیردرێتە بەر.

**شەشەم: سەبارەت بەو خوازیارانەی کە دانیشتووی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن یان هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی نین:**

١- هاوڵاتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و دەرەوەی عێراق مافی پێشکەشکردنی هەیە بە سیستمی پاراڵێل بە هەمان مەرج و پێوەرەکانی هاتوو لەم رێنماییە.

٢- وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکان مافی هەیە سکۆلەرشیپ بە خوازیارانی نێودەوڵەتی بدات بۆ مەبەستی درێژەدانیان بە خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، دوای وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.

**ماددەی(٣): رێکخستنی پێشبڕکێی وەرگرتن و پێوەرەکانی سیستمی ریزبەندی بەپێی رێژەی خاڵ:**

١- بۆ خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی، پێوەری سیستەمی خاڵبەندی بۆ پێشبرکێی وەرگرتن لەسەر بنەمای تێکرای نمرەی (بەکالۆریۆس و تاقیکردنەوەی توانستی زانستی و توانستی زمانی ئینگلیزی ئەگەر هەبوو) دەبێت و ئەو پێشکەشکارانەی بەرزترین خاڵیان بەدەستهێنا، ئەوا بەپێی رێژەی پلان و ژمارەی کورسیەکانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەت وەردەگیرێن. بەم شێوەی خوارەوە:

أ. تێکڕای نمرەی (٥٠%)ی بەکالۆریۆس هیچ خاڵ وەرناگرێت بۆ چوونە ناو پێشبرکێ، بە زیادبوونی هەر نمرەیەک خاڵێک وەردەگرێت.

ب. لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لەسەر (٣٠) نمرە ئەنجام دەدرێت، بۆیە بەدەستهێنانی نمرەی (١٥) پانزە لە تاقیکردنەوەکە هیچ خاڵ وەرناگرێت و (٠) سفر (خاڵ)ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک (١) یەک خاڵی بۆ زیاد دەکرێت.

ج. ئەگەر لە کاتی پێشکەشکردن، خوازیار توانستی زمانی ئینگلیزی بەپێی خشتەی خوارەوە هەبوو، ئەوا خاڵ بە پێشکەشکار دەدرێت لە کاتی چوونە ناو پێشبرکێ بەم شێوەیەی خوارەوە:

| وەرگرتنی خاڵ بۆ پێشبرکێ | Pearson-Academic (PTE) | TOEFL-PBT | TOEFL-iBT | IELTS-Academic | تەواوکردنی ئاست ( Level) لە سەنتەری زمان |
|---|---|---|---|---|---|
| ٠ خاڵ | ٢٤ -١ | ٣٧٠ -١ | ١٩ -١ | ٣ یان کەمتر | - |
| ٣ خاڵ | ٣٥ -٢٥ | ٣٨٣ -٣٧١ | ٣٠ -٢٠ | ٣.٥ | **Beginner** |
| ٦ خاڵ | ٥١ -٣٦ | ٤١٣ -٣٨٤ | ٥٨ -٣١ | ٤و ٤.٥ | **Elementary** |
| ١٢ خاڵ | ٦٦ -٥٢ | ٤٩٦ -٤١٤ | ٧٢ -٥٩ | ٥و ٥.٥ | **Pre-intermediate** |
| ١٥ خاڵ | ٦٧ و زیاتر | ٤٩٧ و زیاتر | ٧٣ و زیاتر | ٦ یان زیاتر | **Intermediate** |

٢- بۆ خوێندنی ماستەر، پێوەری سیستەمی خاڵبەندی بۆ پێشبرکێی وەرگرتن لەسەر بنەمای تێکرای نمرەی (بەکالۆریۆس، و تاقیکردنەوەی توانستی زانستی، و توانستی زمانی ئینگلیزی ئەگەر هەبوو) دەبێت و ئەو پێشکەشکارانەی بەرزترین خاڵیان بەدەستهێنا، ئەوا بەپێی ڕێژەی پلان و ژمارەی کورسیەکانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەت وەردەگیرێن. بەم شێوەی خوارەوە:

أ. تێکڕای نمرەی (٦٠%)ی بەکالۆریۆس هیچ خاڵ وەرناگرێت بۆ چوونە ناو پێشبرکێ، بە زیادبوونی هەر نمرەیەک خاڵێک وەردەگرێت. هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالوریۆس لە کۆلێژە پزیشکیەکان کە تێکرای نمرەی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠٪) کەمترە هیچ خاڵ وەرناگرن.

هەروەها سەبارەت بە هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، ڕێژەی (٦٠%)ی کۆنمرەی بڕوانامەی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و (٤٠%)ی کۆنمرەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس کۆدەکرێنەوە و دەبێتە نمرەی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا/ماستەر و لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر خوازیارێک دوای کۆکردنەوەی تێکرای کۆنمرەی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر، تێکرای نمرەکەی (٦٠%) بوو، ئەوا هیچ خاڵ وەرناگرێت بۆ چوونە ناو پێشبرکێ و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک (١) یەک خاڵی بۆ زیاد دەکرێت بۆ نمرەکانی تریش هەمان ئەو بنەمایە پەیڕەو دەکرێت.

ب. لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لەسەر (٣٠) نمرە ئەنجام دەدرێت، بۆیە بەدەستهێنانی نمرەی (١٥) پانزە لە تاقیکردنەوە هیچ خاڵ وەرناگرێت و (٠) سفر (خاڵ)ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک (١) یەک خاڵی پێ دەدەرێت.

ج. ئەگەر لە کاتی پێشکەشکردن، خوازیار توانستی زمانی ئینگلیزی بەپێی خشتەی خوارەوە هەبوو، ئەوا خاڵ بە پێشکەشکار دەدرێت لە کاتی چوونە ناو پێشبرکێ بەم شێوەیەی خوارەوە:

| وەرگرتنی خاڵ بۆ پێشبرکێ | Pearson-Academic (PTE) | TOEFL-PBT | TOEFL-iBT | IELTS-Academic | تەواوکردنی ئاست (Level) لە سەنتەری زمان |
|---|---|---|---|---|---|
| ٠ خاڵ | ٢٤ -١ | ٣٧٠ -١ | ١٩ -١ | ٣ یان کەمتر | - |
| ٣ خاڵ | ٣٥ -٢٥ | ٣٨٣ -٣٧١ | ٣٠ -٢٠ | ٣.٥ | Beginner |
| ٦ خاڵ | ٥١ -٣٦ | ٤١٣ -٣٨٤ | ٥٨ -٣١ | ٤و ٤.٥ | Elementary |
| ١٢ خاڵ | ٦٦ -٥٢ | ٤٩٦ -٤١٤ | ٧٢ -٥٩ | ٥و ٥.٥ | Pre-intermediate |
| ١٥ خاڵ | ٦٧ و زیاتر | ٤٩٧ و زیاتر | ٧٣ و زیاتر | ٦ یان زیاتر | Intermediate |

٣-بۆ خوێندنی دکتۆرا، پێوەری سیستەمی خاڵبەندی بۆ پێشبرکێی تێکرای لەسەر بنەمای تێکرای نمرەی (بەکالۆریۆس، و ماستەر، و تاقیکردنەوەی توانستی زانستی، توانستی زمانی ئینگلیزی ئەگەر هەبوو، و توێژینەوە و داهێنانی زانستی، و پرۆسەی دڵنیایی جۆری جگە لە کورسیەکانی پاراڵێل) دەبێت و ئەو پێشکەشکارانەی بەرزترین خاڵیان بەدەستهێنا، ئەوا بەپێی رێژەی پلان و ژمارەی کورسیەکانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەت وەردەگیرێن. بەم شێوەی خوارەوە:-

أ- تێکرای نمرەی (٦٠%)ی بەکالۆریۆس هیچ خاڵ وەرناگرێت بۆ چوونە ناو پێشبرکێ، بە زیادبوونی هەر نمرەیەک خاڵێک وەردەگرێت. هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالوریۆس لە کۆلێژە پزیشکیەکان کە تێکرای نمرەی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠٪) کەمترە هیچ خاڵ وەرناگرن.

ب- تێکڕای نمرەی ماستەری ئەکادیمی (٧٠%) هیچ خاڵ وەرناگرێت و (٠) سفر (خاڵ) ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک (١) یەک خاڵ وەردەگرێت.

ج- لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لەسەر (٣٠) نمرە ئەنجام دەدرێت بۆیە بەدەستهێنانی نمرەی (١٥) پانزە لە تاقیکردنەوەکە هیچ خاڵ وەرناگرێت و (٠) سفر (خاڵ)ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک (١) یەک خاڵی پێ دەدەرێت.

د. ئەگەر لە کاتی پێشکەشکردن، خوازیار توانستی زمانی ئینگلیزی بەپێی خشتەی خوارەوە هەبوو، ئەوا خاڵ بە پێشکەشکار دەدرێت لە کاتی چوونە ناو پێشبرکێ بەم شێوەیەی خوارەوە:

| وەرگرتنی خاڵ بۆ پێشبرکێ | Pearson-Academic (PTE) | TOEFL-PBT | TOEFL-iBT | IELTS-Academic | تەواوکردنی ئاست (Level) لە سەنتەری زمان |
|---|---|---|---|---|---|
| ٠ خاڵ | ٢٤ -١ | ٣٧٠ -١ | ١٩ -١ | ٣ یان کەمتر | - |
| ٣ خاڵ | ٣٥ -٢٥ | ٣٨٣ -٣٧١ | ٣٠ -٢٠ | ٣.٥ | Beginner |
| ٦ خاڵ | ٥١ -٣٦ | ٤١٣ -٣٨٤ | ٥٨ -٣١ | ٤و ٤.٥ | Elementary |
| ١٢ خاڵ | ٦٦ -٥٢ | ٤٩٦ -٤١٤ | ٧٢ -٥٩ | ٥و ٥.٥ | Pre-intermediate |
| ١٥ خاڵ | ٦٧ و زیاتر | ٤٩٧ و زیاتر | ٧٣ و زیاتر | ٦ یان زیاتر | Intermediate |

د- بۆ هەر توێژینەوەیەکی خاوەن ئیمپاکت فاکتەر (Impact Factor) لە لیستی (Clarivate Analytics) (١٠) دە خاڵ و بۆ توێژینەوەی خاوەن سکۆپەس (Scopus) (٧.٥) خاڵ و بۆ توێژینەوەی بڵاوکراوە لە گۆڤاری زانستی ناوخۆ (٥) پێنج خاڵ دەدرێت بە پێشکەشکار بە مەرجێک گۆڤارە نێودەوڵەتیەکان لە وێبسایتی ریزبەندی زانکۆکانی کوردستان (NUR) دانپێدانراو بێت. هەروەها داهێنانی زانستی (براءة الأختراع) بە مەرجێك لە گۆڤارێکی زانستی بڕواپێکراو بڵاویکردبێتەوە (١٠) دە خاڵ وەردەگرێت. کۆی گشتی میچ (سەقف)ی وەرگرتنی خاڵ لە بڵاوکراوەی زانستی و داهێنانی زانستی (براءة الأختراع) بریتی دەبێت لە (٢٥) بیست و پێنج خاڵ بۆ بەشداریکردن لە پێشبرکێ.

ه- پڕۆسەی دڵنیایی جۆری (هەگبەی مامۆستا و زانستخوازی بەردەوام ) بۆ هەڵگرانی خاوەن نازناوی زانستی تەنها بۆ کورسیەکانی گشتی (جگە لە کورسیەکانی پاراڵیل)، بەم شێوەی خوارەوە بێت:-

– بەرزترین نمرەی بەدەستهاتوو لە یەکێک لە دوایین دوو ساڵی خوێندن لە هەگبەی مامۆستا دەبێتە پێوەر بۆ وەرگرتنی خاڵ، بۆ نمونە ئەگەر خوازیار (٤) چوار نمرەی لە هەگبەی مامۆستا هەبێت ئەوا (٤) چوار خاڵی پێ دەدرێت، سەبارەت بە نمرەکانی تر بە هەمان ئەو بنەمایە ئەژمار دەکرێت. هەروەها بەرزترین نمرەی بەدەستهاتوو لە یەکێک لە دوایین دوو ساڵی خوێندن لە زانستخوازی بەردەوام جارانی (٥%) سەدا پێنج دەکرێت بە شێوەی (النسبة والتناسب)، نمرە دابەشکراوەکە دەبێتە خاڵی وەرگرتن بۆ چوونە پێشبرکێ و پۆینت ئەژمار دەکرێت، بۆ نمونە ئەگەر نمرەی (٨٠)ی لە زانستخوازی بەردەوام هەبوو ئەوا (٤) چوار خاڵی پێدەدرێت، سەبارەت بە نمرەکانی تر بە هەمان ئەو بنەمایە ئەژمار دەکرێت.

– ئەگەر خوازیار پڕۆسەی دڵنیایی جۆری (هەگبەی مامۆستا و زانستخوازی بەردەوام)ی نەبوو، ئەوا هیچ خاڵ وەرناگرێت بۆ پێشبرکێ.

**ماددەی(٤): مەرج و پێداویستی کردنەوەی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر و دکتۆرا:**

١- بۆ کردنەوەی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە هەر بەشێك، مەرجە بە لایەنی کەم { (٥) پێنچ هەڵگری بروانامەی دکتۆرا } یان { (٥) پێنج هەڵگری پلەی زانستی (مامۆستا) }ی هەبێت و پسپۆڕی گشتیان لە هەمان بواری بەشەکە بێت، و مەرجیشە ئەو مامۆستایانە لەسەر میلاکی هەمیشەیی بەش بن یان تەنسیبکراو بن لە هەمان ئەو بەشە یاخود شەراکەتێکی هاوبەشی ئەکادیمی لەگەڵ زانکۆکان سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی ستافی وانەوتنەوە بە پێی رێکەوتننامەیەکی فەرمی، بە مەرجێک نیوەی ژمارەی ستافی ئاماژەپێکراو لە سەرەوە میلاکی هەمیشەیی ئەو بەشە بن کە خوێندنەکە دەکاتەوە و نیوەی دووەمی ستافەکە لە زانکۆکەی تر بن و بە شێوەی کردەیی بەشداربن لە پڕۆسەی وانەوتنەوە. لەم لایەنەوە پێویستە ئەو ستافە زانستیە کە میلاکی بەشێکی دیاریکراون دووبارە نەبنەوە لە بەشێکی تر.

٢- بۆ کردنەوەی خوێندنی ماستەر لە هەر بەشێك، مەرجە بە لایەنی کەم { (٣) سێ پڕۆفیسۆری یاریدەدەر و (٣) سێ هەڵگری بروانامەی دکتۆرا کە دوو توێژینەوەی بڵاوکراوەی (محكم)ی دوای دکتۆرای} هەبێت و پسپۆڕی گشتیان لە هەمان بواری بەشەکە بێت، یاخود { (٢) دوو پڕۆفیسۆری یاریدەدەر و (٤) چوار هەڵگری بروانامەی دکتۆرا کە دوو توێژینەوەی بڵاوکراوەی (محكم)ی دوای دکتۆرای} هەبێت و پسپۆڕی گشتیان لە هەمان بواری بەشەکە بێت و مەرجیشە ئەو مامۆستایانە لەسەر میلاکی هەمیشەیی بەش بن یان لە هەمان ئەو بەشە تەنسیبکراو بن یاخود شەراکەتێکی هاوبەشی ئەکادیمی لەگەڵ زانکۆکان سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی ستافی وانەوتنەوە و سەرپەرشتیکردن لە پڕۆسەی خوێندنی باڵا هەبێت و بەپێی رێکەوتننامەیەکی فەرمی، بە مەرجێک نیوەی ژمارەی ستافی ئاماژەپێکراو لەسەرەوە میلاکی

هەمیشەیی ئەو بەشە بن کە خوێندنەکە دەکاتەوە و نیوەی دووەمی ستافەکە لە زانکۆکەی تر بن و بە شێوەی کردەیی بەشداربن لە پرۆسەی وانەوتنەوە و سەرپەرشتیکردن، لەم لایەنەوە پێویستە ئەو ستافە زانستییە کە میلاکی بەشێکی دیاریکراون دووبارە نەبنەوە لە بەشێکی تر و میچی سەرپەرشتیان بەپێی ڕێنماییەکان تێنەپەڕاندبێت.

٣- بۆ کردنەوەی خوێندنی دکتۆرا لە هەر بەشێك، مەرجە بە لایەنی کەم { (١) یەک پرۆفیسۆر و (٣) سێ پرۆفیسۆری یاریدەدەر یاخود (٥) پێنج پرۆفیسۆری یاریدەدەر}ی هەبێت و پسپۆڕی گشتیان لە هەمان بواری بەشەکە بێت و مەرجیشە ئەو مامۆستایانە لەسەر میلاکی هەمیشەیی بەش بن یان لە هەمان ئەو بەشە تەنسیبکراو بن یاخود شەراکەتێکی هاوبەشی ئەکادیمی لەگەڵ زانکۆکان سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی ستافی وانەوتنەوە و سەرپەرشتیکردن لە پرۆسەی خوێندنی باڵا هەبێت و بەپێی ڕێکەوتننامەیەکی فەرمی، بە مەرجێک نیوەی ژمارەی ستافی ئاماژەپێکراو لە سەرەوە میلاکی هەمیشەیی ئەو بەشە بن کە خوێندنەکە دەکاتەوە و نیوەی دووەمی ستافەکە لە زانکۆکەی تر بن و بە شێوەی کردەیی بەشداربن لە پرۆسەی وانەوتنەوە و سەرپەرشتیکردن. لەم بارەیەوە پێویستە ئەو ستافە زانستییە کە میلاکی بەشێکی دیاریکراون دووبارە نەبنەوە لە بەشێکی تر و میچی سەرپەرشتیان بەپێی ڕێنماییەکان تێنەپەڕاندبێت.

٤- ئەو زانکۆیانەی کە دەیانەوێت خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەك ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر و دکتۆرا لە هەر بەش و بوارێک بکەنەوە، مەرجە بەشەکە لە زانکۆکە هەبێت.

٥- بۆ کردنەوەی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر، پێویستە بەشەکە بە لایەنی کەم (٢) دوو خولی دەرچوونی بەکالۆریۆسی هەبێت. بۆ کردنەوەی خویندنی دکتۆرا، پێویستە بەشەکە بە لایەنی کەم (٢) دوو خولی دەرچوونی ماستەری هەبێت.

٦- سەبارەت بەپسپۆڕی کۆلێژە پزیشکییەکان، مەرجەکانی (١ و ٢ و ٣) سەرەوە لەسەر ئاستی کۆلێژ ئەژمار دەکرێت

٧- سەبارەت بە بەشە هاوشێوەکانی هەمان زانکۆ وەکو (کوردی و کوردی، ئینگلیزی و ئینگلیزی، کیمیا و کیمیا...هتد)، دەکرێت لە کاتی هەبوونی مەرجەکانی (١ و ٢ و ٣)ی سەرەوە، دەکرێت ستافی بەشەکان تێکەڵ بکرێن بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ستاف بۆ کردنەوەی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر و دکتۆرا لە هەردوو بەش بکرێتەوە و ستافی بەشەکان بەشێوەیەکی هاریکار بەشدار بن لە پرۆسەی خوێندندا.

٨- زانکۆکان دەتوانن پلانی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر و دکتۆرا ئامادە بکەن لەو بەشانەی کە پێشووتر خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر و دکتۆرایان تێدا کراوەتەوە و ئێستاش مەرجی (١ و ٢ و ٣)ی سەرەوە و پێداویستی بەردەوامیان تێدایە، واتە بەپێی بوونی مامۆستای پسپۆڕ بەپلەی زانستی پێویست و ڕێژەی ئەنجامدانی پلانی پێشتری خوێندنی باڵا/ دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر و دکتۆرا و بوونی پێداویستیە زانستییەکانی دیکەی خوێندن.

٩- سەبارەت بەو بەشانەی کە بۆ یەکەم جارە دەیانەوێت خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر و دکتۆرا بکەنەوە و مەرجەکانی (١ و ٢ و ٣ و ٤ و ٥)ی سەرەوەیان تێدایە، دەتوانن پرۆپۆزەڵی کردنەوەی خوێندنەکە پێشکەش بە وەزارەت /فەرمانگە بکەن بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی و پەسەندکردنی.

١٠- لە کاتی وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکاران لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، دەکرێت لە نێوان زانکۆکان و دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی هەماهەنگی بکرێت بۆ مەبەستی سوودوەرگرتن قوتابیان و خوێندکاران لە دەستەی ناوبراو، بەڵام خاوەنداریەتی و بەرپرسیاریەتی پێدانی بڕوانامە دەگەڕێتەوە بۆ زانکۆی بنەرەتی نەوەک دەستەی ناوبراو.

**ماددەی(٥): پێداویستیە زانستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا:**

١- ووردەکاری شێوازی خوێندنی سیمستەرەکانی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی و ماستەر و دکتۆرا بە رێنماییەکی پاشکۆ دەردەچێت.

٢- بڕوانامەی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بەکاردێت بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی نمرە (تحسین معدل)ی بەکالۆریۆس تاوەکو دواتر پێشکەشکار بتوانێت پێشکەشی خوێندنی باڵا/ماستەر بکات کە رێژەی (٦٠%)ی کۆنمرەی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و (٤٠%)ی کۆنمرەی بەکالۆریۆس کۆدەکرێتەوە و دەبێتە نمرەی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا/ماستەر.

٣- لە کاتی پێدانی بەخشینی بروانامەی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە لایەن زانکۆکان، پێویستە بە ڕوونی لەسەر بڕوانامەکە ئاماژە بکرێت کە ئەم بڕوانامەیە ئەکادیمیە و بۆ مەبەستی ئەکادیمی و بەرزکردنەوەی تێکرای نمرەی بەکالۆریۆس بەکاردێت بۆ پێشکەشکردنی خوێندنی باڵا/ماستەر لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

٤- بڕوانامەی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بۆ مەبەستی زانستی و ئەکادیمی بەکاردێت و ماف و ئیمتیازاتی دارایی و کارگێری لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان دەستنیشان دەکرێت.

٥- مەرجە قوتابی/خوێندکاری خوێندنی دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا، لە تاقیکردنەوەی کۆرسەکان دا نمرەکەی لە (٦٠%) کەمتر نەبێت لە هەر یەک لەو بابەتانە و لە کۆتایی هەردوو وەرزەکەدا تێکرای نمرە (معدل)ی لە (٧٠%) کەمتر نەبێت، بە پێچەوانەوە راستەوخۆ بە پێی رێنماییەکان فەرمانی سرینەوەی ناو (ترقین قید)ی لە لایەن زانکۆ بۆ دەردەکرێت.

٦- دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەکانی خولی یەکەمی سیمستەری یەکەم، خولی دووەمی سیمستەری یەکەم بەرێوەدەچێت، ئەگەر قوتابی/خوێندکاری خوێندنی دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا، لە یەکێک لە بابەتەکانی خولی دووەمی سیمستەری یەکەم دەرنەچوو، ئەوا راستەوخۆ سڕینەوەی ناو (ترقین قید) بۆ دەردەچێت و مافی بەشداریکردنی چوونە نێو خولی یەکەمی سیمستەری دووەمی خوێندنی نابێت. هەروەها دوای تەواوبوونی خولی یەکەمی سیمستەری دووەم، خولی دووەمی سیمستەری دووەم بەرێوەدەچێت و ئەگەر قوتابی/خوێندکاری خوێندنی دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا، لە یەکێک لە بابەتەکانی خولی دووەمی سیمستەری دووەم دەرنەچوو، ئەوا راستەوخۆ سڕینەوەی ناو (ترقین قید) بۆ دەردەچێت و مافی بەشداریکردنی چوونە نێو ساڵی دووەمی خوێندن کە بریتییە لە نووسینی ماستەرنامە نابێت.

٧- تاقیکردنەوەی خولی دووەم تەنها لەسەر نمرەی (٥٠٪)ی تاقیکردنەوەی کۆتایی کۆرس ئەنجام دەدرێت و مەرجە تێکرای نمرە (معدل)ی لە (٧٠%) کەمتر نەبێت، بە پێچەوانەوە فەرمانی سڕینەوەی ناو (ترقین قید)ی لە خویندن لە لایەن زانکۆکان بۆ دەردەکرێت.

٨- دەکرێت لیژنەی زانستی بەش دوای وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجومەنی کۆلێژ هەر پێداویستیەکی دیکە لە ماوەی خوێندنەکە زیاد بکات بۆ قوتابیان و خوێندکاران بۆ وەرگرتنی بڕوانامە کە لە ناوەڕۆکی ئەم رێنمایە نەهاتووە، بە مەرجێك ناكۆك نەبێت لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم رێنماییە.

٩- ماوەی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بریتییە لە (١) یەک ساڵ، و ماوەی خوێندنی دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی بریتییە لە (٢) دوو ساڵە، و ماوەی خوێندنی ماستەر بریتییە لە (٢) دوو ساڵ، و ماوەی خوێندنی دکتۆرا بریتییە لە (٣) سێ ساڵ.

١٠-بۆ خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی، لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی کۆلیژە کە بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ بۆ جاری یەکەم بە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکان ماوە و مۆڵەتی خوێندن درێژ بکاتەوە و لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی زانکۆیە بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ بۆ جاری دووەم بە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکان ماوە و مۆڵەتی خوێندن درێژ بکاتەوە (کە دوایین درێژکردنەوەیە) بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی. بە پێچەوانەوە قوتابی/خوێندکار فەرمانی سڕینەوەی ناو (ترقین القید)ی لە خوێندن لە لایەن زانکۆوە بۆ دەردەچێت.

١١-بۆ خوێندنی ماستەر و دکتۆرا، لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی کۆلیژە کە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری یەکەم بە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکان ماوە و مۆڵەتی خوێندن درێژ بکاتەوە، پاشان لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی زانکۆیە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری دووەم بە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکان ماوە و مۆڵەتی خوێندن درێژ بکاتەوە. دواتر و لە کاتی پێویستدا بە هەبوونی پاساوی ڕەوا و دڵنیاکەرەوە وەزیر دەسەڵاتی دەبێت بۆ درێژکردنەوەی ماوە و مۆڵەتی خوێندن بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری سێیەم بەبێ مووچە و دەرماڵەکان (کە دوایین درێژکردنەوەیە).بە پێچەوانەوە قوتابی/خوێندکار ڕاستەوخۆ فەرمانی زانکۆیی سڕینەوەی ناو (ترقین القید)ی لە خوێندن.

١٢- قوتابی/خوێندکاری ماستەری سەرجەم بوارەکانی (زانستە مرۆڤایەتییەکان و زانستە پەتی و سروشتی و پراکتیکی و زانستە پزیشکیەکان)، مەرجە پێش تاوتوێکردنی ماستەرنامەکەی (١) یەك توێژینەوەی زانستی هەڵێنجراو لە ماستەرنامەکەی لە گۆڤارێکی زانستی ناوخۆیی باوەڕپێکراو لە لایەن وەزارەتەوە ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی هەبێت. سەبارەت بە گۆڤارە نیودەوڵەتیەکان مەرجە گۆڤارەکە لە وێبسایتی ریزبەندی هەرێمی زانکۆکانی کوردستان (NUR) دانپێدانراو بێت.

١٣- پێویستە قوتابی/خوێندکاری دکتۆرای سەرجەم بوارەکانی (زانستە پەتی و سروشتی و پراکتیکی و زانستە پزیشکیەکان)، مەرجە پێش تاوتوێکردنی تێزی دکتۆراکەی یەکێک لەم مەرجانەی خوارەوە دەستەبەر بکات:-

أ- یەک توێژینەوە زانستی هەڵێنجراو لە تێزی دکتۆراکەی لە گۆڤارێکی زانستی کە لە لیستی ( Clarivate Analytics) ئیندێکس کرابێت ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی هەبێت بە مەرجێك گۆڤارەکە لە وێبسایتی ریزبەندی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان (NUR) دانپێدانراو بێت.

ب- یاخود دوو توێژینەوە زانستی هەڵێنجراو لە تێزی دکتۆراکەی بە شێوەیەک کە (١) یەك توێژینەوەی زانستی لە لیستی (Scopus) ئیندێکس کرابێت بە مەرجێك گۆڤارەکە لە وێبسایتی ریزبەندی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان (NUR) دانپێدانراو بێت + (١) یەك توێژینەوەی زانستی لە گۆڤارێکی زانستی ناوخۆیی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی هەبێت، و مەرجە گۆڤارە زانستیەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی فەرمی پێدرا بێت و هەروەها مەرجە گۆڤارە زانستیەکانی عێراق لە لایەن زانکۆ حکومییەکانی عێراقی فیدراڵ دەربچێت.

١٤- قوتابیان و خوێندکارانی خوێندنی دکتۆرای بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان، مەرجە پێش تاوتوێکردنی تێزی دکتۆرا یەکێک لە مەرجەکانی برگەی (آ و ب)ی خاڵی (١٣)ی سەرەوە دەستەبەر بکات، یاخود (٢) دوو توێژینەوە زانستی هەڵێنجراو لە تێزی دکتۆراکەی لە گۆڤارێکی زانستی ناوخۆیی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی هەبێت، و مەرجە گۆڤارە زانستیەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی فەرمی پێدرا بێت و هەروەها مەرجە گۆڤارە زانستیەکانی عێراق لە لایەن زانکۆ حکومییەکانی عێراقی فیدراڵ دەربچێت.

١٥- دەکرێت لە ماوەی خوێندنی دکتۆرا، قوتابی/خوێندکار (٣) سێ تا (٦) شەش مانگ بچێتە دەرەوەی وڵات بەپێی ڕەزامەندییەکی فەرمی لە نێوان سەرپەرشتیار و زانکۆکەی دەرەوە، بە مەبەستی ئاشنابوون بە سیستەمی ئەو جۆرە خوێندنە و ئەنجامدانی بەشێک لە توێژینەوەکە و ئەنجامدانی ئەزموون وەرگرتن لە تاقیگەی زانستی و سوود وەرگرتن لە سەرچاوەی زانستی لەو زانکۆیە، لەم حاڵەتەدا چوونە دەرەوەی قوتابی/خوێندکاری دکتۆرا لە رووی لایەنی دارایی بەپێی سیستەمی (Sabbatical Leave) دەبێت بۆ ئەوانەی سەر بە دامەزگاکانی وەزارەتن و چوونە دەرەوە بۆ سەرپەرشتیار لە رووی لایەنی دارایی بەپێی سیستەمی (Sabbatical Leave) دەبێت بە مەرجێک لە مانگێک تێپەر نەکات و ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

أ- لە حاڵەتێکدا ئەگەر قوتابی/خوێندکار پێویستی بە چوونە دەرەوە بۆ زانکۆی دەرەکی نەبوو، ئەوا سەرپەرشتیاریش پێویست ناکات بچێتە دەرەوەی وڵات.

ب- سەبارەت بە قوتابیان/خوێندکارانی دکتۆرا کە بە سیستەمی پارالێل دەخوێنن، چوونە دەرەوەی قوتابی/خوێندکار و سەرپەرشتیار کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە، ئەوا تێکرای خەرجییەکە لەسەر خودی قوتابی/خوێندکار دەبێت.

**ماددەی(٦): حوکمە گشتییەکان:**

١- بۆ خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی، مەرجە خوازیار پێشکەشی هەمان بەش بکات لەسەر بنەمای بەشی بڕوانامەی بەکالۆریۆسەکەی.

٢- بۆ خویندنی ماستەر، مەرجە بەکالۆریۆسی خوازیار و ئەو بەشەی کە دەیەوێت ماستەری لێبخوێنێت لە هەمان جۆر بن (النوع نفسە)، پێویستە خوازیار پێشکەشی هەمان بەشی خوێندنی باڵا/ماستەر بکات کە لەسەر بنەمای بەشی زانستی و بڕوانامەی بەکالۆریۆسەکەی بەدەستهێناوە. بەڵام ئەگەر هاتوو پسپۆری هەردوو بروانامەی بەکالۆریۆس و ئەو بەشەی کە خوازیار دەیەوێت ماستەری لێبخوێنێت لێکنزیکبن و لێکچوون هەبێت لە نێوانیان دا، ئەوا پێویستە بەراوردی زانستی (المقاصة العلمیة) لە نێوان هەردوو بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە لایەن لیژنەی زانستی بەش ئەنجام بدرێت و دەستنیشانی پێداویستی خوازیار بە خوێندنی چەند بابەتێک بکات. ئەگەر ڕێژەی بەراوردە زانستیەکە گەیشتە (٧٥٪) لە بابەتەکان نەوەک ناوەڕۆکی وانەکان، ئەوا خوازیار دەتوانێ داواکارییەکەی پێشکەش بکات. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بەراوردی زانستی (المقاصة العلمیة) لە کاتی پڕۆسەی پێشکەشکردن و پێش ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی ئەنجام بدرێت. هەروەها پێویستە قوتابی/خوێندکار ئەو بابەتانەی کە لیژنەی زانستی بەش داوای کردووە وەربگرێت و تێیدا دەربچێت و نمرەی (٦٠%) کەمتر نەبێت بۆ هەر وانەیەک پێش دەستپێکردنی بە خوێندنی ماستەرەکەی.

٣- بۆ خوێندنی دکتۆرا، مەرجە پێشکەشکار بڕوانامەکانی بەکالۆریۆس و ماستەری لە یەك بەشی زانستی بێت، بە پێچەوانەوە مافی پێشکەشکردنی نییە. هەروەها پێویستە داواکارییەکەی پێشکەشی هەمان بەش و پسپۆری خوێندن بکات.

٤- ئەو کاندیدانەی بەپێی پرۆگرامی تواناسازی مرۆیی یان بە هەر شێوازێکی تر وەکو (بعثات) و (زمالات) و (خوێندن لەسەر خەرجی تایبەتی خۆی) و (مۆڵەتی خوێندن) بۆ دەرەوەی وڵات نێردراون، خوێندنیان تەواو نەکردووە بە هۆکاری جیا جیا، یان بە هەمان شێوە لە ناوەوەی وڵات خوێندنیان تەواو نەکردووە و سڕینەوەی ناو (ترقين القيد) کراون بە هۆکاری جیا جیا، مافی پێشکەشکردنیان نابێت تاکو تێپەربوونی (٣) سێ ساڵ لە ڕێکەوتی دەرچوونی فەرمانی سڕینەوەی ناویان.

٥- لە حاڵەتی درێژکردنەوەی ماوەی خوێندن بۆ جاری سێیەم بۆ خوێندنی ماستەر و دکتۆرا، سەرپەرشتیاری قوتابی/خوێندکار هیچ شایستەیەکی دارایی بۆ خەرج ناکرێت و پێویستە تاوەکو تەواوبوونی ماوەکە بەردەوام بێت لە سەرپەرشتیکردنی ماستەرنامە یان تێزی قوتابی/خوێندکارەکە.

٦- لە حاڵەتی درێژکردنەوەی ماوەی خوێندن بۆ ئەو خوازیارانەی کە بە شێوازی پاراڵێل وەرگیراون، پێویستە کرێی خوێندن بە (النسبة والتناسب) لەسەر بنەمای کرێی خویندنی ساڵانە بۆ ئەو ماوەیەی درێژکردنەوەی خوێندن ئەنجام دەدات بە زانکۆکەی بدات.

٧- هیچ مامەڵەیەکی پێشکەشکراو وەرناگیرێت ئەگەر سەرجەم دۆکیۆمێنتەکان تەواو نەبێت تا دواین ڕۆژی پێشکەشکردن، بە پێچەوانەوە خوازیار مافی بەشداربوونی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی نابێت و (یاریدەدەری سەرۆک زانکۆکان بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا و بەڕێوەبەری خوێندنی باڵا لە سەرۆکایەتی زانکۆ و ڕاگری کۆلێژ و سەرۆکی بەش و بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژ و لێژنەی ووردبینی کردن) بەرپرسیارن لە ووردبینی کردنی دۆکیۆمێنتەکان و دەستنیشانکردنی لیستی ئەو پێشکەشکارانەی کە مافی تاقیکردنەوەی توانستی زانستیان هەیە، هەروەها وەزارەت/فەرمانگە مافی هەیە چاودێری و وردبینی دۆکیومێنتەکان و پرۆسەی پێشکەشکردن بکات و بەدواداچوون بکات.

٨- لە کاتی پرۆسەی پیشکەشکردن بۆ خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی و ماستەر و دکتۆرا، ئەگەر خوازیار فەرمانبەری هەمیشەیی بێت لە یەکێک لە دامودەزگا حکومییەکانی هەرێم و عێراق، ئەوا بەپێی ئەو مەرجانەی لە پەیڕەو و ڕێنمایی تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان هاتووە، پێویستە نووسراوی لاری نەبوون پێشکەش بەو زانکۆیە بکات کە دەیەوێت داواکاری پێشکەش بکات.

٩- بۆ فەرمانبەرانی هەمیشەیی لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق کە شایستەی مۆڵەتی خوێندن دەبن بە پێی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکانی تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان، و مۆڵەتی خوێندنی ناوخۆ لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێم بۆ خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی و ماستەر و دکتۆرا بە شێوەی خۆتەرخانکردنی تەواو (التفرغ التام) دەبێت، تەنها پێشکەشکارانی هەڵگری بڕوانامەی ماستەر کە خاوەن نازناوی زانستی هەمیشەیین کە ئەندامی دەستەی وانەوتنەوەن و لەسەر میلاکی دامەزراوەکانی

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستین، ئەوا شێوازی مۆڵەتەکەیان بۆ خوێندنی دکتۆرا بە شێوەی خۆتەرخانکردنی نیمچەیی (التفرغ الجزئي) دەبێت بەپێی بڕگەی (١٢) لە ماددەی (٧) لە یاسای ڕاژەی زانکۆیی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٨).

١٠- هەر فەرمانبەرێکی وەرگیراو لە خوێندنی باڵا، ئەگەر پێش دەستپێکردن بە خوێندن لە پێشبرکێی مۆڵەتی خوێندن نەیتوانی سەرکەوتوو بێت و مۆڵەتی خوێندنی بەدەست نەهێنا، ئەوا ڕاستەوخۆ فەرمانی زانکۆیی وەرگیرانەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

١١- پێویستە ئەو پێشکەشکارەی کە دانەمەزراوە بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پێشکەش بکات کە لە هیچ فەرمانگەیەکی حکومی دانەمەزراوە، ئەگەر زانیاری نادروستی دابێت ئەوا ڕاستەوخۆ سڕینەوەی ناوی لە خوێندن دەکرێت و هەموو بەرپرسیارەتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆ.

١٢- خوێندنی دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە دەوامی بەیانیان دەبێت.

١٣- قوتابی/خوێندکار دەتوانێت بابەتە هاوشێوەکانی کۆرسەکانی ساڵی یەکەمی خوێندن بە شێوەی میوانداری بۆ هەمان بەشی هاوشێوە لە زانکۆیەکی دیکەی حکومی لە هەرێمی کوردستان بخوێنێت بە مەرجی ڕەزامەندی هەردوو زانکۆ.

١٤- بە هیچ شێوەیەك ناکرێت قوتابی/خوێندکار خوێندنەکەی بگوازێتەوە بۆ زانکۆیەکی دیکە لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان یاخود دەرەوەی هەرێم و دەرەوەی وڵات، یان بە پێچەوانەوە.

١٥- ئەگەر لە بەشێك بە تەنها یەك قوتابی/خوێندکاری وەرگیرا، دەتوانێت دەست بە خوێندنی ئەکادیمی بکات بە مەرجێک لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە پرسیاری تاقیکردنەوە و هەڵچنینی پەڕاوی تاقیکردنەوە ئەنجام بدرێت، بەڵام زانکۆکان سەرپشکن لە کردنەوەی یان نەکردنەوەی خوێندن بۆ تەنها یەک قوتابی/خوێندکار.

١٦- بە هیچ شێوەیەک یەدەگ (إحتیاط) لە خوێندنی باڵا بوونی نییە، بەڵکو تەنها وەرگیراو بەپێی ژمارەی کورسیەکان بوونی هەیە.

١٧- پاڵپشت بە پەیرەوی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٢١)ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان و ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٢١)ی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان، وەزیر و ئەوانەی کە لەم پلەیەدان و ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و سەرۆکی یەکە کارگێرییەکان و سەرجەم فەرمانبەرانی خاوەن پلەی (باڵا/أ) و پلەی (باڵا/ب)، تاوەکو لەو پلەیەدان، ناتوانن پێشکەشی خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بکەن.

١٨- قوتابی/خوێندکار لە کاتی هەبوونی بارودۆخی لەناکاو و لە توانابەدەر (الظرف الطارئ والقوة القاهرة) بەپێی دۆکیومێنتی فەرمی سەلمێندراو، دەتوانێت داوای دواخستنی خوێندن تەنها بۆ ماوەی تەنها (١) یەک ساڵ بکات بەر لە دەستپێکردنی بە پرۆسەی خوێندن و پێویستە داواکارییەکەی لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆ پەسەند بکرێت، لێرەدا قوتابی/خوێندکار ناتوانێت لە ماوەی پرۆسەی خوێندن داوای دواخستنی خوێندن یان هەڵپەساردنی خوێندن بکات. بە پێچەوانەوە فەرمانی وەرگرتنی لە خوێندن هەڵدەوەشیتەوە.

١٩- لە کاتی پێشکەشکردنی هەر دۆکیومێنتێکی نادروست لە لایەن خوازیار بۆ مەبەستی پێشکەشکردن و وەرگیران لە خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆکانی کوردستان، راستەوخۆ فەرمانی سرینەوەی ناوی بۆ دەکرێت لە لایەن سەرۆکایەتی زانکۆکان و رێکاری یاسایی بەرامبەری وەردەگیردرێت، هەروەها مافی پێشکەشکردنی نابێت تاکو تێپەربوونی (٢) دوو ساڵ بەسەر رێکەوتی دەرچوونی فەرمانی سڕینەوەی ناو و دوای ئەو ماوەیەش پێویستە لەسەرەتاوە بە پێی ناوەڕۆکی ئەم رێنماییە پێشکەشی خوێندنی باڵا بکاتەوە، نەوەک لەو قوناغەوە دەست بە خوێندن بکات کە سرینەوەی ناوی بۆ کراوە.

٢٠- هەڵگرانی بڕوانامەی دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی کلینیکی پیشەیی ناتوانن بە بێ بەدەست هێنانی بڕوانامەی ماستەر پێشکەشی خوێندنی دکتۆرا بکەن

٢١- مەرجە خوازیار دەرچووی زانکۆیەکی ناوخۆیی یان دەرەکی دانپێدانراو لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان بێت، لە حاڵەتێکدا ئەگەر خوازیار بڕوانامەی لە دەرەوەی وڵات بەدەست هێنابێت، پێویستە بڕیاری یەکسانکردنی بڕوانامەی لە وەزارەت بۆ ئەنجام درابێت. بە پێچەوانەوە مافی پێشکەشکردنی نییە.

٢٢-مەرجەکانی پێشکەشکردن و وەرگرتن لە خوێندنی دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی لە کۆلێژەکانی پزیشکی گشتی لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، هەمان مەرجەکانی پێشکەشکردن و وەرگرتنی خوێندنی ماستەر دەبێت، جگە لە مەرجی خزمەتی نیشتەجێی دێرین کە لە لایەن زانکۆوە دەست نیشان دەکرێت.

**ماددەی(٧): پلان و ژمارەی کورسیەکان:**

**یەکەم**: وەزارەت لە رێگەی فەرمانگەوە داوای پلان خوێندنی باڵا لە زانکۆکان دەکات. زانکۆش هەڵدەستێ بە ئامادەکردنی پلان و دیاری کردنی ژمارەی کورسیەکان بەپێی ئەم رێنماییە و بە رەچاوکردنی میچ و مەرجی سەرپەرشتیاری ستافی وانەوتنەوە بەپێی ڕێنماییە بەرکارەکان و هەروەها هەبوونی ستافی میلاکی ئەکادیمی و ژێرخانی ئەندازەیی و کارگێری و دەستەبەرکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی زانستی و پێداویستی راستەقینەی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆوە پلانی خوێندن و ژمارەی کورسیەکان پەسەند دەکرێت و دواتر لە لایەن وەزارەت/فەرمانگە پلان و ژمارەی کورسیەکان پەسەندەکرێت.

**دووەم**: سەرجەم کورسیەکانی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بە شێوەی پارالێل دەبێت.

**سێیەم**: کورسیەکانی خوێندنی دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی و ماستەر و دکتۆرا بەم شێوەیەی خوارەوە تەرخان دەکرێت:

١- کورسیە گشتییەکان بە خۆرایی دەبێت و بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- ژمارەیەك لە کورسیە گشتییەکان بۆ (دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا) تەرخان دەکرێت، لەم حاڵەتەدا تەنها خوازیارانی میلاکی هەمیشەیی گشت زانکۆکانی کوردستان و دامودەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆیان هەیە پێشبرکێ لە نێوان خۆیان لەسەر کورسیەکان بکەن، هەروەها پێشکەشکردن لەسەر رێژەی کورسیەکان بە شێوەی سەرتاسەری دەبێت و ئەو پێشکەشکارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا بەپێی ڕێژەی پلانەکە وەردەگیرێت.

ب- ژمارەیەك لە کورسیە گشتییەکان بۆ (کەرتی گشتی و فەرمانبەرانی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم) تەرخان دەکرێت، کە هەموو پێشکەشکارێکی دامەزراوی هەمیشەیی (جگە لە فەرمانبەران و مامۆستایانی میلاکی زانکۆحکومیەکا ن و دامودەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا) مافیان هەیە پێشکەشی ئەم کورسیانە بکەن و لە نێوان خۆیان پێشبرکێ لەسەر کورسیەکان دەکەن، هەروەها پێشکەشکردن لەسەر ڕێژەی کورسیەکان بە شێوەی سەرتاسەری دەبێت و ئەو پێشکەشکارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا بەپێی ڕێژەی پلانەکە وەردەگیرێت.

٢- کورسیەکانی پاراڵێل: ژمارەیەك لە کورسیەکان بەشێوەی پاراڵیل بۆ گشت پێشکەشکاران تەرخان دەکرێت و ئەو پێشکەشکارانەی کە دانەمەزراون یان دامەزراون لە دامودەزگاکانی حکومەت، مافیان هەیە پێشکەشی کورسیەکانی پاراڵێل بکەن. هەروەها پێشکەشکردن لەسەر ڕێژەی کورسیەکانی پاراڵیل بەشێوەی سەرتاسەری دەبێت و ئەو پێشکەشکارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا بەپێی ڕێژەی پلانەکە وەردەگیرێت.

٣- لە پیناو خەبات و تێکۆشانی شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان، کەس و کاری پلە (١) یەک وەکو (کچ، و کوڕ، و هاوسەر)ی شەهیدانی سەنگەر و جینۆسایدی هەرێمی کوردستان لە کاتی پێشکەشکردن و هێنانی نووسراوی پشتگیری بە نووسراوی فەرمی و بە واژووی وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان، کورسی خوێندنی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە دەرەوەی پلانی پەسەندکراو بۆ تەرخان دەکرێت و بە بێ پێشبرکی وەردەگیرێن، بە مەرجێک خوازیار گشت مەرجەکانی پێشکەشکردنی هاتوو لەم ڕێنماییەی تێدا بێت و لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەربچێت. لە حاڵەتێکدا ئەگەر بەشەکە توانای وەرگرتنی لە رووی ستاف و سەرپەرشتیاری بەپێی ڕێنماییەکان هەبوو ئەوا راستەوخۆ لەگەڵ وەرگیراوەکانی دیکە دەست بە خوێندنی ئەکادیمی دەکەن، بەڵام ئەگەر هاتوو بەشەکە توانای وەرگرتنی نەبوو بە هۆی کەمی ستاف و سەرپەرشتیار بە پێی ڕێنماییەکان، ئەوا خوێندنەکەیان دوا دەخرێت بۆ ساڵی داهاتووی خوێندن، بەڵام مافی وەرگرتنیان پارێزراو دەبێت و بۆ ئەم مەبەستەش سەرۆکایەتی زانکۆکان فەرمانی وەرگرتن لە خوێندن و فەرمانی دواخستن کە خوێندنی بۆ دەردەکات. سەبارەت بە لایەنی دارایی کرێی خوێندنی ساڵانەی ناوبراوان، لەسەر ئەستۆی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان دەبێت بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٢٠)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان.

٤- لە حاڵەتێک کورسی بەتاڵ مایەوە بە گشت جۆرەکانی کورسی خوێندنی باڵا، ئەوا بە هیچ شێوەیەك ئەو کورسیانە پڕ ناکرێنەوە.

٥- هیچ زانکۆیەک بۆی نییە کورسی خوێندن زیاد بکاتە سەرباری پلانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەتەوە، بە پێچەوانەوە خۆیان بەرپرسیار دەبن لە ڕووی یاساییەوە.

٦- کورسی بۆ هیچ وەزارەت و دامەزراوەیەکی حکومی و تایبەت تەرخان ناکرێت، بەڵکو فەرمانبەرانی ئەم دامەزراوانە دەتوانن لەسەر کورسیەکانی گشتی و کورسیەکانی پاراڵیل بەپێی ناوەڕۆکی هەردوو بڕگەی (١ و ٢) لەم ماددەیە پێشکەش بکەن.

٧- پێویستە خوازیار لە کاتی پێشکەشکردن تەنها یەک شێوازی پێشکەشکردنی کورسی هەڵبژێرێت و نابێت پێشکەشی دوو شێوازی کورسی بکات.

٨- ناونیشان و پڕۆپۆزەڵێکی سەرەتایی بۆ خوێندنی دکتۆرا لە لایەن هەر مامۆستایەک کە بەپێی ڕێنماییە پەیوەندیدارەکان مەرجی سەرپەرشتیکردنیان تێدایە پێشکەش بە بەشی زانستی بکرێت، هەروەها پێویستە پڕۆپۆزەلەکان لەسەر بنەمای بابەتی زانستیی نوێ و دووبارەنەکراو و پێویستی دامودەزگاکانی

حکومەت و بازاڕی کار و ڕەنگدانەوەی کێشە و گیروگرفتەکانی سەردەم لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت و زیاتر خزمەت کردن بە ڕەوتی زانست لە کوردستان بە ئامانجی بەستنەوەی زانکۆ و کۆمەڵگا بە یەکتر. پاشان پێویستە پرۆپۆزەڵەکان لە لایەن لیژنەی زانستی بەش هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و پەسەند بکرێت و دواتر لە کاتی ناردنی پلانی زانکۆکان وێنەیەکی پرۆپۆزەڵەکان ڕەوانەی وەزارەت دەکرێت.

**ماددەی(٨): لایەنی دارایی خوێندن**

١- بۆ ئەو خوازیارانەی کە لەسەر کورسیە گشتییەکان وەردەگیردرێن و بە خۆرایی دەخوێنن، ئەوا گشت تێچووی خوێندنەکە لە ئەستۆی ئەو زانکۆیە دەبێت کە خوێندنەکەی کردووەتەوە.

٢- ئەو خوازیارانەی لەسەر کورسی پاراڵیل وەردەگیرێن، تەواوی تێچووی خوێندن وەکو کرێی ساڵانەی خویندن و بەکارهێنانی مەوادی تاقیگە لە ئەستۆی خۆیان دەبێت. بۆیە پێویستە خوازیار لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پڕ بکاتەوە کە ئامادەیە تەواوی تێچووی خوێندنەکەی لە ئەستۆ بگرێت.

٣- کرێی خوێندن بەشێوەی پاراڵێل لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆوە پێشنیار دەکرێت و لە لایەن وەزارەت/فەرمانگە بە هەماهەنگی فەرمانگەی کارگێری و دارایی پەسەند دەکرێت.

**ماددەی(٩):** کار بە هیچ ڕێنمایی و بڕیارێکی پێشووتر لەبارەی خوێندنی باڵا ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بێت و ئەو قوتابی/خویندکارانەی کە پێشووتر وەرگیراون و لە ئیستادا بەردەوامن لە خویندن، ئەوا بەپێی ڕێنماییەکانی پێشوو بەردەوام دەبن لە خوێندن.

**ماددەی(١٠):** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە و بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣) دەچێتە بواری جێبەجێکردن.

**هۆیەکانی دەرچوون**

بە مەبەستی ڕێکخستنی مەرج و ڕێکارەکانی پێشکەشکردن و شیوازی پێشبرکێ بە مەبەستی بەدیهێنانی هەلی یەکسان و دادپەروەری و شەفافیەت لە پرۆسەی پێشکەشکردن و وەرگرتن لە خوێندنی باڵا و بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی باڵا، و ڕەچاوکردنی هاوسەنگی نێوان چەندێتی و چۆنیەتی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان، و دروستکردنی هەلی درێژەدان بە خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ خوازیاران، و پێگەیاندنی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و بەدیهێنانی هەردوو لێهاتوویی (وانەبێژیی و توێژەریی) بۆ دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا و حکومەت و کەرتی تایبەت، و بەستنەوەی خوێندنی باڵا بە پێداویستی دامودەزگا حکومی و تایبەتەکان و بازاری کاری کوردستان و بەشداری لە پێشنیازکردنی چارەسەری گونجاو بۆ کێشە و گرفتەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەم ڕێنماییە دەرچووێندرا.

**د.ئارام محمد قادر**

**وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ١٥٢٦٦ لە ٢٠٢٢/٩/٢٢**

پاڵپشت بەماددەی (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد:-

**ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**میکانیزمی کڕین و سازدانەوەو ئەپگرەیتی ئامێرە پزیشکیەکان بۆ نەخۆشخانەو بنکە تەندروستیەکانی هەرێمی کوردستان**

**ماددەی(١): کڕین:**

١-دەبێت سەرجەم ڕێکارە یاساییەکانی تایبەت بە شێوازەکانی بانگهێشت کردن بگیرێتەبەر بەپێی ڕێنماییەکانی گرێبەستە حکومیەکانی (تنفیذ عقود حکومی) ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦ هاوپێچەکانی بێت لەسەر جۆرو تایبەتمەندی ئامێرە پزیشکیەکان ئەنجام بدرێت .

٢-کڕینی ئامێری پزیشکی دەبێت بەپێی ڕێنمایی گرێبەستە حکومیەکان(تنفیذ عقود حکومی) ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦ و هاوپێچەکانی بێت وە لەهەمان کاتدا بۆ دیاری کردنی بڕی پارەی تەرخان کراو ڕەچاوی ڕێنمایی ساڵانەی وەزارەتی دارایی و ئابووری بکرێت بۆ مەبەستی ئەنجامدانی پرۆسەی تەندەرین

٣-لە کاتی ئەنجامدان و جێبەجێ کردنی گرێبەستی کڕین ئەو کۆمپانیایەی تەندەری بۆ دەردەچێت دەبێت پابەند بکرێت بە ڕاهێنانی (نظري و علمي) بۆ (پزیشکان و ئەندازیاران و تەکنیکاران ) لە شوێنی مەبەست لە هەرێمی کوردستان یان دەرەوەی وولات ئەگەر پێویستی کرد .

٤-پێویستە کۆمپانیا لە کاتی ئەنجامدانی گرێبەستی کڕینی ئامێرە پزیشکیەکان پارچەی یەدەگ و کەرەستەی بەکارهێنانی ڕۆژانەی ئامێرەکە دابین بکات .

٥-لە کاتی کڕین و دابین کردنی ئامێرە پزیشکیەکان پێویستە ڕەچاوی ماوەی (گەرەنتی / ضمان و سازدانەوە ) بکرێت کە لە نێوان (٢-٥) ساڵ بێت .

**ماددەی(٢): سازدانەوە :**

١-بریتیە لە نرخاندنی سازدانەوەی ئامێری پزیشکی تەنها نرخی کڕینی ئامێرەکە هەژمار بکرێت بەپێی گرێبەست نەک کۆی نرخی دابین کردن و سازدانەوە .

٢-لە کاتی ئەنجامدانی گرێبەستی سازدانەوە لەگەڵ کۆمپانیاکان دەبێت لە ژێر ڕۆشنایی برگە (٤٥و٤٦) (اسلوب التعاقد مع مصدر الواحد) لە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦ (تنفیذ عقود حکومی) بۆ ئەوەی هەموو برگەکانی هاوتا بن لەگەڵ گرێبەستەکە بۆ جێبەجێ کردنی ڕێنمایی گرێبەستە حکومیەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ بریکاری کۆمپانیایی دابینکەر بۆ ئامێرە پزیشکیەکان وە دانانی نەخشەیەکی گونجاو بە مەرجێک کۆمپانیا بریکاری فەرمی کۆمپانیایی دایک(ڕەسەن) بێت .

٣-لە کاتی وەستانی ئامێرە پزیشکیەکان بەهەر هۆکارێک بێت پێویستە کۆمپانیاکان پابەند بکرێن بە زووترین کات سەردانی شوێنی ئامێرەکە بکەن بە مەبەستی چاککردنەوەی ئامێرەکە .

٤- پاش کۆتایی هاتنی گرێبەستی سازدانەوەی ئامێری پزیشکی کۆمپانیا پابەند بکرێت بە بەردەوام بوون لە کاری سازدانەوە تا رێکارەکانی یاسایی و دارایی و تەکنیکی ئەنجام بدرێت بە مەرجێک رەزامەندی وەزیری تەندروستی لەسەر بێت وەک (اثر رجعي)کاری پێ بکرێت بۆ ئەم ئامێرانەی کە زۆر هەستیارن لە کارکردن .

٥-نرخی سازدانەوەی ئامێری پزیشکی دوای کۆتایی هاتنی ماوەی (ضمان/گەرەنتی) پێویستە بەم شێوەیەیی خوارەوە بێت :-

أ- ( ٣بۆ ٤) ساڵ تەمەنی ئامێرەکە رێژەی دەبێتە (٥٪ - ٦٪) لە نرخی کڕینی ئامێرەکە .

ب- (٥ بۆ ٧) ساڵ تەمەنی ئامێرەکە رێژەی دەبێتە (٦٪ - ٧٪) لە نرخی کڕینی ئامێرەکە .

ج- ئەگەر تەمەنی ئامێرەکە (٨) ساڵ زیاتر بێت رێژەکە دەبێتە (٨٪ - ١٠٪) لە نرخی کڕینی ئامێرەکە . بەڵام نرخی (x-ray tube) بەپێی گرێبەستی سازدانەوە دەبێت لەبەر ئەوەی تیوبی ئامێری تیشکی اعتیادی جیاوازی هەیە لەگەڵ تیوبی (ct-scan) هەروەها ئەویش جیاوازی هەیە لەگەڵ (Pet-scan) هتد ...

١- پێویستە مانگانە گوژمەیەک دیاری بکرێت بۆ (دەزگای هونەری -الورشة الفنية )ی بەرێوەبەرایەتی گشتیە تەندروستیەکان لە چوارچێوەی پێشینەی مانگانەی خۆیان بە مەبەستی چاککردنەوەی ئەو ئامێرانەی کە سازدانەوە نایان گرێتەوە .

**ماددەی(٣): ئەپگرەیت:-**

بریتی یە لە گۆرینی تەواوی ئامێرو پاشکۆکانی بە ئامێرێکی نوێ کە مۆدیلەکەی کۆنتر نەبێت لە (٢)دوو ساڵ لە کاتی ئەپگرەیتدا لە هەمان جۆرو کۆمپانیای بەرهەم هێن .بەگۆرینی بەشێکی ئامێرەکە بە بەشێکی تر ئەگەر پبگۆرینی بەشیکی ئامێرەکە بە بەشێکی تر ئەگەر پێویستی کرد .

١-ئەپگرەیت کردنی ئامێرەکان پێویستە بە شێوەیەک بێت (سۆفت وێر ، گۆرینی کەرەستەکان ، نوێکردنەوە ، رێژەی گۆرین و نوێ کردنەوەکان ) لەگەڵ سەردەم بگونجێت وە ڕەچاوی ستانداردی جیهانی بکرێت لە ژێر رۆشنایی برگەکانی مادده (٤٥)و(٤٦) (اسلوب التعاقد مع مصدر الواحد ) بەپێی رێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٦ جێبەجێ کردنی گرێبەستە حکومیەکان .

٢-پێویستە لیژنەیەکی تەکنیکی و دارایی و یاسایی هەبێت بۆ خەملاندن و هەڵسەنگاندنی نرخی ئامێرە کۆنەکان لە کاتی ئەپگرەیت کردنی .

٣-پێویستە ئەو ئامێرەی (ئەپگرەیت)ی بۆ دەکرێت لایەنی کەم (١٠) دە ساڵ کاری کردبێت بەڕەچاوکردنی شوێنی ئامێرەکە وە ئەو لۆدەی کەلە سەریەتی

**ماددەی(٤):**

ئەم رێنماییە کاری پێدەکرێت لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**سامان بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**

**دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە**

**ژمارە:١٧٥٣ لە ٢٠٢٢/١٠/٦**

پشت بەست بە حوکمەکانی ماددەی (سی و چوار و چل و پێنج) لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ و حوکمەکانی ماددەی (دەیەم) لە یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠ بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**چۆنیەتی هاوردەکردن – گواستنەوە – کۆگاکردن – پابەندبوونی بەکارهێنان دووبارە هەناردەکردنی سەرچاوەکانی تیشکدەر لە هەرێمی کوردستان**

**ماددەی(١): دەستەواژە و پێناسەکان:**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ئەو واتایانەی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە:

**یەکەم**: **دەستە**: دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

**دووەم**: **سەرۆك**: سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

**سێیەم**: **لایەنی پەیوەندیدار**: دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەو لایەنی پەیوەندیدار.

أ- **دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە**: لایەنێکی چاودێر دەبێت لەسەر لایەنەکانی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییەو ڕێنماییە بەرکارەکان.

ب- **لایەنی پەیوەندیدار**: سەرجەم ئەو لایەنانەن کە هەڵسوکەوت دەکەن لەگەڵ هەموو جۆرەکانی ماددە تیشکدەرەکان (کراوە و داخراو)، ئەو لایەنانەش کە سەرچاوەی تیشکدەر بەکار دەهێنن یان سکراب هاوردە دەکەن، لە ئەگەری هەبوونی (پارچەکانی پیسبوو بە تیشك ) لەناویدا، دەبێ کارمەندێکی پسپۆر دابمەزرێنن بە (بەرپرسی خۆپاراستن لە تیشك RSO : RADIATION SAFTEY OFFICER)، بڕوانامەی ڕاهێنانی هەبێت لە لایەن دەستەی عێراقی بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی تیشکدەر (IRSRA).

**چوارەم**: **سەرچاوەی تیشکدەر:** ئەو ماددانەن کە (نظائر)ی (هاوتای) تیشکدەریان هەیە یان ئاستەکانی لە شێوازەکانی ووشك و شل و گازی، یان ئەو ئامێرانەی کە تیشکی ئایۆنییان لێ دەردەچێت و دەبێتە هۆی بەرکەوتەی تیشکی .

**پێنجەم: سەرچاوەی داخراوی تیشکدەر:** ماددەیەکی تیشکدەرە لە شێوازی ووشك بە تەواوی داخراوەو بە شێوەی کەپسول کە پلەی بەرزی هەیە لە توندی دیزاین کراوە، دەبێتە بەربەستێك لە دزەکردنی لە کاتی کارکردندا هەروەها لە ڕووداوەکانی تیشکی.

**شەشەم**: **سەرچاوەی کراوەی تیشکدەر:** هەر سەرچاوەیەکی تیشکدەر بە داخراو پێناسە ناکرێت، وەك لە بوارەکانی پزیشکی لە کاتی پشکنین و چارەسەرکردن گیراوەیەکی تیشکدەر دەدرێتە نەخۆش لە ڕێگەی دەم یان لە ڕێگەی دەمارەکانی خوێندا .

**حەوتەم**: **سکراب**: هەر ماددەیەکی کانزایی فڕێدراوە کە کۆدەکرێنەوە یان هاوردە دەکرێن و دەگوڕدرێت بۆ ماددەی دیکەی نوێ.

**هەشتەم: سکرابی پیسبوو (پارچەکانی تیشکدەر یان بە تیشکەوە پیسبووە):** هەر ماددەیەکی کانزایی فڕێدراو کە کۆدەکرێنەوە یان هاوردە دەکرێن و دەگوڕدرێت بۆ ماددەی دیکەی نوێ کە ماددەیەکی تیشکدەری تێدایە یان پیسبووە بە یەکێك لە هاوتا تیشکدەرەکان.

**نۆیەم: هاوتای تیشکدەر:** شێوەیەکی ناجێگیری ئەو توخمەیە کە تیشکی لێوە دەردەچێت تا بگۆڕدرێت بۆ شێوەیەکی جێگیرتر.

**دەیەم: هاوردەکردنی سەرچاوەی تیشکدەر:** هێنانی هەر سەرچاوەیەکی تیشکدەر بۆ ناو سنووری هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی (ووشکانی، ئاسمانی) .

**یازدەم: گواستنەوەی سەرچاوەی تیشکدەر:** گواستنەوەی سەرچاوەی تیشکدەر لە فرۆکەخانە یان لە دەروازە زەمینیەکانەوە بۆ شوێنی کۆگاکردنی سەرچاوەکەیە.

**دوازدەم: خاوەنداریتی و بەکارهێنانی سەرچاوەی تیشکدەر:** بەکارهێنانی سەرچاوەی تیشکدەرە لە لایەن خاوەنی سەرچاوەکەوە.

**سێزدەم: دووبارە هەناردەکردنی سەرچاوەی تیشکدەر:** ناردنی سەرچاوەی تیشکدەرەکەیە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتووە لە دوای تەواوبوونی بەکارهێنانی.

**چواردەم:کۆگاکردنی سەرچاوەی تیشکدەر:** کۆگای تایبەت بە کۆگاکردنی سەرچاوەی تیشکدەرە بەپێی مەرج و ڕێنماییەکانی دەستە دەبێت، بەپێچەوانەوە سزای پێبژاردنی بەسەردا دەسەپێنرێت هەروەکو لە خشتەی ژمارە (١)دا هاتووە.

**پازدەم:سیڤەرت (Sievert) نیشانەکەی Sv ) :** یەکەی پێوانەکردنی دۆزی (dose)تیشکی هاوتایە (المكافئ).

**شازدەم:ملی سیڤەرت ( MILLI SIEVERT )** نیشانەکەی (MSV): یەکەیەکە بۆ پێوانەکردنی دۆزی تیشکی هاوتا (المكافئ) کە ١ سیڤەرت یەکسانەی ١٠٠٠ ملی سیڤەرت.

**حەڤدەم:مایکرۆ سیڤەرت ( MICRO SIEVERT ( µ SV ):** یەکەیەکە بۆ پێوانەکردنی دۆزی تیشکی هاوتا (المكافئ) کە ١ ملی سیڤەرت یەکسانەی ١٠٠٠ مایکرۆ سیڤەرت.

**هەژدەم:گرەی – راد (GRAY – RAD):** یەکەکانی پێوانەکردنی هەڵمژینی تیشك ( پێوانەکردنی بڕی تیشکی هەڵمژراو لە لایەن جەستەی مرۆڤەوە) بە سەرجەم جۆرەکانی تیشکەوە وەکو تیشکی رەش (الأشعه السينيه)و ئەلفا و گاما و بێتا.

**نۆزدەم: کۆلۆمب/ کگم- ڕۆینتجن ( COULOMB/ KG – ROENTGN ):** یەکەی پێوانەکردنی تیشکە لەسەر هەردوو تیشکی رەش (السينيه) و گاما جێبەجێ دەکرێت، پێوانەی بڕی ئەو تیشکە دەکات کە ئایۆن دەکرێت لە هەوادا.

**بیستەم: بیکریل وکیۆری (BECQUEREL–CURIE):** یەکەکانی پێوانە کردنی تیشکە چالاکیی ماددە تیشکدەرەکانە.

**ماددەی(٢): ئامانجەکان:**

١- چاودێرییکردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ژینگەییەوە لە لایەن دەستەوە دەبێت.

٢- کۆنترۆڵکردنی جوڵەی سەرچاوە تیشکدەرەکان لە ڕێگەی پێدانی مۆڵەت بەچۆنیەتی مامەڵەکردن لە ڕووی چۆنیەتی هاوردەکردن- گواستنەوە- کۆگاکردن- پابەندبوونی بەکارهێنان- دووبارە هەناردەکردنی سەرچاوە تیشکدەرەکانەوە.

٣- بەدواداچوون بۆ زانینی بەرکەوتنی کرێکارانی بواری تیشک لە ڕێگای پێوانەی ئەو بڕەی بەریانکەوتووە.
٤- دیارکردنی سەرچاوە تیشکدەرەکان لە بەکارهێنانە مەدەنییەکاندا.
٥- ئەنجامدانی روپێوی سەرەتایی وەرزی و پشکنین بۆ شوێنەکانی دانانی سەرچاوە تیشکدەرەکان.

**ماددەی(٣): رێکارەکانی دۆزینەوەی سکرابی پیسبوو بە تیشك:**

١- تۆمارکردنی تابلۆی ئەو بارهەڵگرەی ماددەکانی سکراب دەگوازێتەوە .
٢- تۆمارکردنی ناوی بازرگانی بەرپرس لەبارکردن و گواستنەوەی ماددەکانی سکراب.
٣- دیاریکردنی ئەو شوێنەی کە سکرابەکەی لێوە گواستراوەتەوە .
٤- دڵنیابوون لە کێشی بارەکە لە کاتی بەتاڵکردنی .
٥- جیاکردنەوەی سکرابی تیشکدەر لە شوێنێك کە هیچ چالاکییەکی لەنێودا ئەنجام نادرێت، ئەوەش لە رێگەی دابینکردنی کەرەنتینەیەکی کۆگاکردنی کاتیی، هەروەها دانانی هێماکانی ئاگادارکردنەوە لەمەترسی تیشکی لە ناوچەکە.
٦- قەدەغەکردنێکی توند لە نزیکبوونەوە لە سکرابی پیسبوو، تەنها بەرەزامەندیی لەبەرپرسی خۆپاراستن لە تیشکەوە نەبێت.
٧- ناردنی نوسراوێک بۆ دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە/ بەشی خۆپاراستن لە تیشك کە خاڵەکانی (١-٢-٣-٤ )ی سەرەوە لەخۆبگرێت بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست .

**ماددەی(٤): مەرجەکانی بەرپرسی خۆپاراستن لە تیشك لە سەرجەم بوارە تیشکاوەرەکانەوە:**

**١- بەرپرسی خۆپاراستن لە تیشك:**

ئەو کەسە پسپۆرەیە لە کاروباری خۆپاراستن لە تیشك لەو بەشە تایبەتمەندەی بوارەکانی کارەکانی تیشکاوەریی و ، مۆڵەتی (بەرپرسی خۆپاراستن لە تیشك)ی هەیە لە لایەن دامەزراوەی چاودێریی و کەسی رێگەپێدراو مۆڵەت دەدات بۆ سەرپەرشتیکردنی پێداویستیەکانی خۆپاراستن لە تیشك و ، توانای هەیە لە پێشکەشکردنی ئەزموون و خزمەتگوزارییەکانی، هەروەها دەستپێشخەرە لە ڕاهێنان و ئامادەکردنی کارمەندانی تیشك، هەروەها دانانی بەرنامەکانی فریاگوزاریی و دڵنیایی جۆریی و خۆپاراستن لە تیشك لە دامەزراوەکاندا، پاشان سەرپەرشتیکردنی کارەکانی تیشکاوەریی لە بوارە تایبەتمەندەکەدا.

**٢- کارا کردن:**

هەر چالاکییەکی مرۆیی کە سەرچاوەی تیشکاوەری نوێ بۆ بەرکەوتن یان ڕێڕەوی بەرکەوتن بێنێتە کایەوە، یان مەودای بەرکەوتن فراوان بکات کە وا بکات کەسانی زیاتر بگرێتەوە، یان تۆڕی ڕێڕەوەکانی بەرکەوتن (کە دەرئەنجامی سەرچاوە تیشکدەرەکانن) بەجۆرێک هەموار دەکات کە خەڵکی زیاتر بەرکەوتە بن.

**٣- خانەی (جهاز) چاودێری کردن:**

لایەنێکی حکومییە دەسەڵاتی یاسایی رێگەپێدراوە بۆ چاودێریکردنی هەر بوارێك لە بوارەکانی پەیوەست بەئاسایش و دڵنیایی لەسەرچاوە تیشکدەرەکان و ماددە ئەتۆمییەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە لەژێر چاودێرییدان، ئەمەش لە رێگەی مۆڵەتدان و پشکنین و رێکارەکانی جێبەجێکردن بە پێی پێویست، هەروەها ئەم دامەزراوەیە بۆی هەیە رێبەرو رێنوێنی پەیوەست بە ئاسایش و ئارامی سەرچاوە تیشکدەرەکان دەربچوێنێت، هاوکات لەگەڵ دانانی رێکاری گونجاو لەگەڵ رادەی مەترسییەکان، هەروەها دڵنیایی دەدات بۆ پاراستنی ژینگە و مرۆڤ و ئاژەڵ لە مەترسی و کاریگەری و زیانەکانی دەرچوو لە تیشکی ئایۆنی.

**٤- بەرپرسی یاسایی:**

ئەو کەسەیە کە هەڵدەستێت بە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کارەکان(کارە یاساییەکان) لەو شوێنەی کە کاری تێدا دەکات.

**کارکردن لە بواری تیشك:** بریتیە لە سەرجەم کارپێکردنە سەلامەتییەکان لە بواری تیشکاوەرییدا .

**- مەرج و داواکراوە پێویستەکان بۆ کارمەندانی بواری تیشك:**

پێویستە لەسەر هەر دامەزراوەیەکی ڕێپێدراو کە لە بواری کاری تیشکی کار دەکات بەپێی سروشتی کارەکەی بەرپرسێك یان زیاتر لە بەرپرسێک دابمەزرێنێت بۆ خۆپاراستن لە تیشك، ئەوەی یەکەمیان بەرپرسی سەرەکی دامەزراوەکە دەبێت لەهەردوو بارەکەدا و، ئەوانی دیکە سەرپەرشتیی کارە مەیدانییەکانی تیشک دەکەن ئەگەر دامەزراوەکە پێویستی بە کاری مەیدانی هەبوو، ئەوساش ناونیشانیان دەبێتە بەرپرسانی خۆپارێزیی تیشکی مەیدانی، بۆیە پێویستە کاتی خۆیان تەرخان بکەن بۆ کارکردن لە دامەزراوە گەورەکانداو پێویستە لەسەر کەسی دامەزراوی ڕێپێدراو هەماهەنگی لەگەڵ ئەو بەرپرسانە بکات بۆ دەستەبەرکردنی سەرکەوتن لە کارەکانیاندا، هەروەها پێویستە لەسەر بەرپرسە سەرەکی و مەیدانییەکانی خۆپارێزی تیشکی لەدامەزراوە گەورەکاندا ئەو مەرجە تایبەتانەیان تێدا بێت لە بارەی مۆلەتی کارکردن لە بوارەکانی کاری تیشکاوەری.

**- مەرجە تایبەتەکانی ڕێگە پێدان بە شارەزایان لەبواری خۆپاراستن لە تیشك:**

**شارەزا:** کەسێك ڕێی پێدراوە بەپێی بڕوانامەی دەرچوو لەدەزگایەکی ڕێپێدراوی خاوەن تواناو ئەزموونی زانستی لە بوارێکی پسپۆڕێتی پەیوەست بە بوارەکانی خۆپاراستن لە تیشك بە جۆرێک کە:

**یەکەم:** دەبێ بە لایەنی کەمەوە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێت لە پسپۆڕێکی زانستی گونجاودا کە لەگەڵ جۆری کارکردنیدا بگونجێت.

**دووەم:** ئەو کارمەندانەی دامەزراون یان دادەمەزرێن دەبێ بە لایەنی کەمەوە (١٢) هەفتە بەشدارییان لە خول و وۆرکشۆپەکانی ناوەوەو دەرەوەی وڵات کردبێت یان بەشداری بکەن، یان بە لایەنی کەمەوە (٦) بڕوانامەی ڕاهێنانی پشتراستکراوەی لەلایەن دەستەی عێراقی بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی تیشکدەر هەبێت یان بیهێنن، یان لە سەنتەرێکی ڕێپێدراو لە لایەن دەستەی ژینگەوە، لەگەڵ بڕوانامەکانی بەشداریکردنییان هەبێت یان بیهێنن.

**سێیەم:** دەبێ بە لایەنی کەمەوە (٥) ساڵ ئەزموونی کارکردنی هەبێت لە بواری خۆپاراستن لە تیشك بە پشت بەستن بە بەڵگەنامەیەکی فەرمی.

**یان:**

**یەکەم** : بڕوانامەی ماستەری هەبێت لە پسپۆڕێکی زانستی لەگەڵ سروشتی کارکردنی گونجاو بێت.

**دووەم:** دەبێ بەلایەنی کەمەوە دوو مانگ بەشداری کردبێت لە خولەکانی خۆپاراستن لە تیشك، هەروەها دەبێ بە بڕوانامەکانی بەشدارییکردن پشتراست کرابێتەوە.

**سێیەم:** دەبێت بە لایەنی کەمەوە شارەزاییەکی (٣) ساڵی لە کارکردن هەبێت لە بواری تیشکدا کە بە بڕوانامەیەك پشتڕاست کرابێتەوە.

یان:

**یەکەم** : بڕوانامەی دکتۆرای لە پسپۆڕێتیەکی زانستیدا هەبێت کە لەگەڵ سروشتی کارکردنیدا گونجاو بێت.

**دووەم** : دەبێ بەلایەنی کەمەوە یەك مانگ بەشداری کردبێت لە خولەکانی خۆپاراستن لە تیشك کە بە بڕوانامەیەک پشتڕاست کرابێتەوە.

**سێیەم**: دەبێ بە لایەنی کەمەوە ئەزموونێکی (٢)ساڵی لە کارکردن لە بواری تیشکدا هەبێت کە بە بڕوانامەیەك پشت ڕاست کرابێتەوە.

یان:

دەبێ پلەی ڕاوێژکاری هەبێت لە یەکێك لەدامەزراوەکان یان کۆمەڵەکان یان لە زانکۆ عێراقییەکاندا.

**- ئەو مەرجانەی کە پێویستن لە بەرپرسی خۆپاراستن لە تیشکدا هەبن لەکردە پیشەسازی و توێژینەوەکاندا:**

**یەکەم**: ئەو دامەزراوانەی کە لەبواری (وێنەگرتنی پیشەسازی، هەستپێکردن بەبیرەکان، پێوانەکانی بڕی چڕی و شێ) کار دەکەن:

پێویستە لەم دامەزراوانەدا بەرپرسی خۆپاراستن لە تیشك ئەم مەرجانەی خوارەوەیان تێدا بێت:

١- بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێت لە کۆلێژەکانی ئەندازیاری یان زانست .

٢- دەبێ (٤) هەفتە مەشق و ڕاهێنانی کردبێت لە بواری خۆپاراستن و فریاکەوتن و ئاسایشی تیشکی و سیستەمەکانی تیشکی، بڕوانامەکەی پشتڕاست کرابێتەوە لە لایەن دەستەی عێراقی بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی تیشکدەر.

٣- بەلای کەمەوە ئەزمونی (٥) ساڵی هەبێت لە بواری کاری تیشکی پیشەسازی.

٤- دەبێ خۆی بۆ ئەم کارە یەکلایی کردبێتەوە.

٥- پێویستە لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت.

**دووەم: ئەو دامەزراوانەی کە لە بواری ( پێوەرە ئەتۆمیەکان، ڕێگرەکان لە بروسکە ) کار دەکەن:**

پێویستە لەم دامەزراوانەدا بەرپرسی خۆپاراستن لە تیشك ئەم مەرجانەی خوارەوەیان هەبێت:

١- بەلانی کەمەوە بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی هەبێت لەیەکێك لە بەشەکانی کۆلێژی ئەندازیاری یان زانست.

٢- دەبێت دەرچوی خولێکی مەشق و ڕاهێنانی دەستەی عێراقی بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی تیشکدەر بێت.

٣- پێویستە بە لایەنی کەمەوە شارەزاییەکی یەك ساڵی هەبێت لە دامەزراوەیەك کە مامەڵە لەگەڵ سەرچاوە تیشکدەر ەکاندا دەکات.

٤- دەبێت لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت.

٥-مەرج نیە بەرپرسی خۆپاراستن لە تیشک لەدامەزراوە بچووکەکاندا هەموو کاتەکەی تەرخان بکات بۆ ئەم کارە، دەتوانیت ئەم کارەو کاری سەرەکی خۆی لە هەمان دامەزراوەکەدا ئەنجام بدات.

**سێیەم: بەرپرسی خۆپاراستن لە تیشکی مەیدانی:**

پێویستە بەرپرسی خۆپاراستن لە تیشك ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت:

١- دەبێت بەلانی کەمەوە بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی هەبێت لەیەکێك لە بەشەکانی کۆلێژی ئەندازیاری یان زانست.

٢- دەرچوی خولێکی مەشق و ڕاهێنانی دەستەی عێراقی بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی تیشکدەر بێت.

٣- پێویستە بە لایەنی کەمەوە شارەزاییەکی پێنج ساڵی هەبێت لە دامەزراوەیەك کە مامەڵە لەگەڵ سەرچاوە تیشکدەرەکاندا دەکات.

٤-دەبێت لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت.

ب- مەرجە پێویستییەکان لە خۆپاراستن لە تیشك لە بواری پزیشکی:

**یەکەم**: ئەو دامەزراوانە لە بوارەکانی خوارەوە کار دەکەن:-

- **بواری دەستنیشانکردنی پزیشکی.**
- **بواری چارەسەرکردن بەتیشك.**
- **بواری پزیشکی ئەتۆمی.**

**-دەبێت بەرپرسی ئەم بوارە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بەرجەستەبێت:**

أ- دەبێ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە پزیشکی یان فیزیای پزیشکی یان تیشکی یان زانستی ئەتۆمیدا هەبێت.

ب- دەبێ لەم بوارەدا لە لایەن سەنتەرێکی ڕێپێدراو مەشق و ڕاهێنانی پێکرابێت.

ج-دەبێ بەلای کەمەوە ئەزموونی پێنج ساڵی هەبێت.

د- دەبێ لە پشکنینی پزیشکیی دەربچێت.

**دووەم**: ئەو دامەزراوانەی کە چالاکییان سنوردارە وەکو(نۆرینگە تایبەتەکان یان تاقیگەکان یان بنکە بچوکەکانی تەندروستی).

**-دەبێت بەرپرس لەم دامەزراوانە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بەرجەستەبێت:**

١- دەبێ بە لایەنی کەم بڕوانامەی دبلۆمی لە بواری پسپۆرییەکەیدا هەبێت.

٢- دەبێ بەلایەنی کەمەوە ئەزموونی پێنج ساڵی هەبێت.

٣- دەبێ مەشق و ڕاهێنانی پێکرابێت لەم بوارەدا لە لایەن سەنتەرێکی ڕێپێدراو .

٤- دەبێ لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت .

**یان:**

١- دەبێ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێت.

٢- دەبێ بەلای کەمەوە ئەزموونی دوو ساڵی هەبێت.

٣- دەبێ لەم بوارەدا لە لایەن سەنتەرێکی ڕێپێدراو مەشق و راهێنانی پێکرابێت.

٤- دەبێ لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت.

**-ئەرك و بەرپرسیاریەتی بەرپرسی خۆپاراستن لە تیشك:**

ئەرکی سەرەکی بەرپرسەکە دڵنیابوونە لە پابەندبوونی دامەزراوەکەی بە حوکمەکانی یاساو ڕێنماییەکان لەبارەی خۆپاراستن لە تیشک، بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەش، پێویستە کەسی بەرپرس ئەم ئەرکانەی خوارەوە ئەنجام بدات:

أ- سەرپەرشتیکردنی دانانی پەیڕەوەکانی خۆپاراستن لە تیشك لە قۆناغەکانی پلاندانان و دامەزراندن و، دڵنیابوونی لە گونجاویان لەگەڵ پیداویستییەکانی خۆپاراستن لە تیشکەوە.

ب- ئامادەکردنی رێساکانی کارو دڵنیابوون لە بوونی پەیڕەوی کار پێش قۆناغی دەستپێکردن و، دڵنیابوون لە دابینکردنی پێداویستییە یەدەگەکان .

ج-دڵنیابوون لەوەی کەهەموو کارمەندەکانی مەشق و ڕاهینانێکی باشیان وەرگرتبێت کە گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی کارەکانیان و، دڵنیاشبێت لەوەی کە زانیاری تەواویان هەیە لە بارەی سەرجەم یاساو ڕێنمایی و بڕیارە پەیوەندیدارەکان به تیشکەوە.

د- دڵنیابێت کە سەرجەم مۆڵەت و ڕێپێدراوەکانی دامەزراوەکەو کارمەندەکانی کارپێکراون و ماوە بەسەرچوو نین.

ە- پێشنیازکردن و دیزاینکردنی ڕێگاکانی کەمکردنەوەی بەرکەوتنی کرێکارەکان و کارمەندەکان بەتیشك و دیزاینکردنی ڕووپۆشێکی گونجاو بۆیان .

و- دانانی چەند پرۆگرامێك بۆ خۆپاراستن لە تیشك و سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنیان:

١- پێوانەکردنی دۆزە کەسییەکان.

٢- لە ناوبردنی پاشماوەی تیشکی.

٣- ڕێنماییەکانی کۆگاکردنی سەرچاوەکانی تیشکدەر.

٤- چاودێری دزەکردن و پیسبوونی تیشکی.

ز- پرۆگرامی شیاندن و مەشق و ڕاهێنان لە بواری خۆپاراستن لە تیشك.

ز- پۆلێنکردنی ناوچەکانی کارکردن بۆ ناوچەی چاودێری و ناوچەی سەرپەرشتیکردن بەپێی بڕیارەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتی بۆ وزەی ئەتۆمی.

ح- پۆلێنکردنی کارمەندەکان بە پێی لیستەکانی پۆلینکردن و راسپاردنی ئەو بنەمایانەی کە لێژنەی خۆپاراستن لە تیشك پەسەندی دەکات.

ط-ئەنجامدانی پێوانەکردن و پشکنینی تەکنیکی و وەرگرتنی نموونەکان بۆ زانینی ئاستی تیشك لە شوێنی کارکردن.

ي-ئامادەکردن و سەرپەرشتی ئەم تۆمارانەی لای خوارەوە:

١- تۆماری دۆزە کەسییەکان.

٢- تۆماری پشکنینەکانی پزیشکی کارمەندەکان.

٣- تۆماری ئامێرەکانی تیشك.

٤- تۆماری سەرچاوە و مادده تیشکدەرەکان.

٥- تۆماری چاکردن و راستکردنەوە.

٦- تۆماری ڕووداوە تیشکییەکان.

٧- تۆماری دەستاودەستکردن لەگەڵ سەرچاوەکانی تیشکدەر ( وەرگرتنی و دەرکردن و گواستنەوەو پێدان و هاوردەکردن و هەناردەکردنی) .

٨- تۆماری پاشماوەکانی تیشك.

٩- هەر تۆمارێکی دیکە.

ك-دڵنیابوون لە ئامادەباشی ئامێرەکانی چاودێریکردنی تیشك و چاکردنیان و راستکردنەوە (کالیبرەیشن)یان بە شێوەی وەرزی .

ل-دیاریکردنی پێداویستیەکانی کەل و پەلی خۆپاراستن لە تیشك و دابینکردنی ئامێرەکانی چاودیرییکردنی تیشك و سیگناڵەکانی ئاگادارکردنەوە، بینرَاو بن یاخود بیستراو.

م- ئامادەکردنی راپۆرتی وەرزیی و بەرزکردنی بۆ بەرێوەبەرایەتی دامەزراوەکە لەسەر ئاستی خزمەتگوزارییەکانی خۆپاراستن لە تیشك و ڕێگاکانی پەرەپێدانیان.

ن- هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی ژینگە بکات لە سەرجەم کاروبارەکانی خۆپاراستن لە تیشك.
س- ئامادەکردنی پلانی فریاگوزاری تیشکی و ئاگادارکردنەوەی هەموو کارمەندەکانی لەبارەیانەوە.
ع- بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سەلامەتی لە نێو کارمەندانی بواری تیشك لە دامەزراوەکە.

**-دەسەڵاتەکانی بەرپرسی خۆپاراستن لە تیشك:**

ئەو کەسانەی ڕێپێدراون بۆ پێدانی دەسەڵات بە بەرپرسی خۆپاراستن لە تیشك بۆئەوەی بتوانن ئەرکی خۆیان لە ئەستۆ بگرن، پێویستە پێدانی ئەو دەسەڵاتە بە شێوەی نوسراو بێت و دەسەڵاتەکان بریتین لەم خاڵانە خوارەوە:

أ- هەموارکردن و بڕیاردان لەسەر پڕۆگرامی خۆپاراستن و سەلامەتی تیشکی لە دامەزراوەکە.
ب- هەموارکردنی هەنگاوەکانی بەکارهێنان و ئیشپێکردنی ئامێرو مادده تیشکدەرەکان بە شێوەیەك دڵنیایی بداتە بە سەلامەتی کارکردنەکە.
ج- ڕاگرتنی هەر کارێکی دوور لەسەلامەتی کە ببێتە هۆی تێکدانی مەرجەکانی خۆپاراستن لە تیشك.
د- ڕاسپاردن لەبارەی دامەزراندنی شارەزاو تەکنیکییەکان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە پەیوەستن بە خۆپاراستنی تیشکی .
ه- پەیوەندیکردن بە دەستەو دامەزراوە نیشتمانییەکانی پەیوەندار بە پەیڕەوی خۆپاراستن لە تیشکەوە بە مەبەستی ڕاوێژکاری و داواکردنی یارمەتی.
و- پەیوەندیکردنی خێراو ڕاستەوخۆ بەدەستەو دامەزراوە نیشتیمانییەکانی پەیوەندار بە دۆخەکانی فریاگوزاری تیشکی، لەم دۆخەشدا لە گشت ئاست و بەشەکاندا ئەو پەڕی دەسەڵاتی دەبێت بە بێ گەڕانەوە بۆ لێپرسراوی کارگێڕی، ئەوەش بە شێوەیەك دەبێت کە بگونجێت لەگەڵ قەبارەی مەترسییەکان.

**-مەرجە پێویستەکان بۆ کارمەندانی بواری تیشك:**

**أ- کاری پیشەسازییەکان و توێژینەوە:**

**یەکەم: سەرپەرشتیاری وێنەگرتنی پیشەسازی:-**

١- دەبێ بەلایەنی کەمەوە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بوارە ئەندازیارییەکان یان زانستەکان هەبێت.
٢- دەبێ بڕوانامەی ئاستی سێیەمی دەستەی عێراقی بۆ کۆنترۆڵ کردنی سەرچاوە تیشکدەرەکانی هەبێت.
٣- دەبێ دەرچووی خولێکی خۆپارێزی تیشکی لە کارە پیشەسازییەکاندا بێت.
٤- دەبێ بەلایەنی کەمەوە ئەزموونی کردەیی پێنج ساڵی لەبوارەکەیدا هەبێت.
٥- دەبێ لە پشکنینی پزیشکی دەرچوو بێت.

**دووەم: وێنەگەری پیشەسازی:-**

١- دەبێ بەلایەنی کەمەوە بڕوانامەی ناوەندی هەبێت.
٢- دەبێ مەشق پێکراو لە بواری وێنەگرتنی پیشەسازییدا بێت.
٣- دەبێ بەلایەنی کەمەوە ئەزموونی (٣) ساڵی هەبێت.
٤- دەبێ بڕوانامەی خولێکی ڕاهێنانی لە خۆپارێزی تیشکی لە کاری پیشەسازییەکان لە سەنتەرێکی ڕێپێدراو هەبێت.
٥- دەبێ لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت.

**سێیەم: یاریدەدەری وێنەگری پیشەسازی:-**

١- دەبێ بەلایەنی کەمەوە بروانامەی ناوەندی هەبێت.

٢- دەبێ لە بواری وێنەگرتنی پیشەسازی مەشق پێکراو بێت.

٣- دەبێ بڕوانامەی خولی ڕاهێنانی لە خۆپارێزی تیشکی لە کاری پیشەسازییەکاندا هەبێت.

٤- دەبێ لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت .

**چوارەم: سەرپەرشتیاری هەستپێکردن بەبیرەکان (جس الآبار):-**

١- دەبێ بەلای کەمەوە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بوارە ئەندازیارییەکان یان زانستەکاندا هەبێت.

٢- دەبێ بەلایەنی کەمەوە (٤) هەفتە مەشق و ڕاهێنانی لە لای دەستەی عیراقی بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە تیشکدەرەکان کردبێت.

٣- دەبێ بەلایەنی کەمەوە ئەزموونی (٣) ساڵی لەبواری کارەکەیدا هەبێت.

٤- دەبێ لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت.

**پێنجەم: ئیشپێکەر هەستپێکردن بەبیرەکان(جس الآبار):-**

١- دەبێ بەلایەنی کەمەوە بڕوانامەی ناوەندی هەبێت.

٢- دەبێ لە بواری هەستی بیرەکان (جس الآبار) مەشق کرابێت.

٣- دەبێ بڕوانامەی ڕاهێنانی لە خۆپاراستن لە تیشك لە کاری پیشەسازییەکاندا هەبێت.

٤- دەبێ بەلایەنی کەمەوە ئەزموونی (٣) ساڵی هەبێت.

٥- دەبێ لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت.

**شەشەم: یاریدەدەری ئیشپێکەری هەستپێکردن بەبیرەکان(جس الآبار):-**

١- دەبێ بەلایەنی کەمەوە بروانامەی ناوەندی هەبێت.

٢- دەبێ لە بواری هەستپێکردن بەبیرەکان مەشق پێکراو بێت.

٣- دەبێ بڕوانامەی ڕاهێنانی خۆپارێزی تیشکی لە کارە پیشەسازییەکاندا هەبێت، کە لە لایەن دەستەی عێراقی بۆ کۆنترۆلی سەرچاوەی تیشکدەر دەردەچێت.

٤- دەبێ لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت.

**حەوتەم: سەرپەرشتیاری پێوەرە ئەتۆمییەکان:-**

١- دەبێ بەلایەنی کەمەوە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەبوارە ئەندازیارییەکان یان زانستەکاندا هەبێت.

٢- دەبێ مەشقی کردبێت لە بواری پێوەرە ئەتۆمییەکان.

٣- دەبێ بڕوانامەی ڕاهێنانی خۆپارێزی تیشکی لە کارە پیشەسازییەکاندا هەبێت، کە لە لایەن دەستەی عێراقی بۆ کۆنترۆلی سەرچاوەی تیشکدەر دەردەچێت.

٤- دەبێ بەلایەنی کەمەوە ئەزموونێکی کردەیی (٢) ساڵی هەبێت.

٥- لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت .

**هەشتەم: ئیشپێکەری پێوەرە ئەتۆمییە جوڵاوەکان:-**

١- دەبێ بەلایەنی کەمەوە بڕوانامەی ناوەندی هەبێت.

٢- دەبێ لە بواری پێوەرە ئەتۆمییەکان، لە لایەن سەنتەری خۆپاراستن لە تیشکەوە مەشق پێکراو بێت.

٣- دەبێ لە لای دەستەی عێراقی بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە تیشکدەرەکان مەشق و ڕاهێنانی کردبێت.

٤- دەبێ بەلایەنی کەمەوە ئەزموونێکی یەك ساڵی هەبێت.

٥- دەبێ لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت.

**نۆیەم: ئیشپێکەری پێوەرە ئەتۆمییە جێگیرەکان:-**

١- دەبێ بەلایەنی کەمەوە بڕوانامەی ناوەندی هەبێت.

٢- دەبێ بڕوانامەی ڕاهێنانی لە (خۆپارێزی تیشکی لە کارە پیشەسازییەکان)دا لە سەنتەرێکی باوەڕپێکراوی خۆپاراستن لەتیشک هەبێت.

٣- دەبێ لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت .

**دەیەم: ئیشپێکەری ئامێرەکانی کالیبرەیشنی پێوانەکانی ئەتۆمی:-**

١- دەبێ بەلایەنی کەمەوە بڕوانامەی دبلۆمی هەبێت لە یەکێك لەلقەکانی ئەندازیاری یان دوو ساڵ لە دوای دواناوەندی ئەزموونی کارکردنی هەبێت.

٢- دەبێ لە بواری پێوەرە ئەتۆمییەکاندا مەشقی کردبێت.

٣- دەبێ بڕوانامەی ڕاهێنانی لە (خۆپارێزی تیشکی لە کارە پیشەسازییەکان)دا هەبێت.

٤- دەبێ لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت.

**یازدەم: گوێزەرەوەی ماددە تیشکدەرەکان:-**

١- دەبێ بەلایەنی کەمەوە بڕوانامەی ناوەندی هەبێت.

٢-دەبێ بڕوانامەی ڕاهێنانی لە (خۆپارێزی تیشکی لە کارە پیشەسازییەکان)دا هەبێت، کە لە لایەن دەستەی عێراقی بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە تیشکدەرەکان دەردەچێت.

٣-دەبێ لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت.

**دوازدەم: تەکنیکاری ئەو ئامێرانەی کە ماددەکانی تیشکدەر تێیدایە:-**

١- دەبێ بەلایەنی کەمەوە بڕوانامەی دبلۆمی لە یەکێك لە لقەکانی ئەندازیاری یان زانست (دوو ساڵ لە دوای ئامادەیی) هەبێت.

٢- دەبێت بڕوانامەی خولێکی ڕاهێنانی لە بواری چاککردنی ئەو ئامێرانەی کە ماددە تیشکدەرەکانی تێدایە هەبێت.

٣- دەبێ لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت.

**سێزدەم: سەرپەرشتیاری ئامێرەکانی توێژینەوەی زانستی:-**

١- دەبێ بەلای کەمەوە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە یەکێك لە لقەکانی ئەندازیاری یان زانست (فیزیا، فیزیای ئەتۆمی، کیمیای ئەتۆمی، فیزیای پزیشکی، فیزیای تیشکی)دا هەبێت.

٢- دەبێت بڕوانامەی خولێکی راهێنانی لە خۆپارێزی تیشکی لە کارە پیشەسازییەکاندا هەبێت، کە لە لایەن دەستەی عێراقی بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە تیشکدەرەکان دەردەچێت.

٣- دەبێ بەلایەنی کەمەوە ئەزموونی (٢) ساڵی لە بواری توێژینەوەی زانستیدا هەبێت.

٤- دەبێ لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت.

**ب- کارەکانی پزیشکی:**

**یەکەم: تەکنیکاری تیشکی بۆ دەستنیشانکردن:-**

١- دەبێ بەلایەنی کەمەوە بڕوانامەی دبلۆمی لە بواری پسپۆریتییەکەدا هەبێت.

٢-دەبێ بڕوانامەی خولی ڕاهێنانی لە خۆپارێزی تیشکی لە بوارێکی پسپۆریتییەکەدا هەبێت.

٣- دەبێ لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت.

**دووەم: تەکنیکاری پزیشکی ئەتۆمی:-**

١- دەبێ بەلایەنی کەمەوە بڕوانامەی دبلۆمی لە بواری پسپۆریەتییەکەدا هەبێت.

٢- دەبێ بڕوانامەی خولی ڕاهێنانی لە خۆپارێزی تیشکی هەبێت.

٣- دەبێ لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت.

**سێیەم: تەکنیکاری چارەسەرکردن بەتیشك:-**

١- دەبێ بەلایەنی کەمەوە بڕوانامەی دبلۆمی لە بواری پسپۆریەتییەکەدا هەبێت.

٢- دەبێ بڕوانامەی خولێکی ڕاهێنانی لە خۆپارێزی تیشکی لە بواری پسپۆریەتییەکەدا هەبێت.

٣-دەبێ لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت.

**چوارەم: فیزیاوی پزیشکی لە بواری چارەسەرکردن بەتیشك:-**

١- دەبێ بەلایەنی کەمەوە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بواری پسپۆریەتییەکەدا هەبێت.

٢- دەبێ بەلایەنی کەمەوە خولێکی بڕوانامەی ڕاهێنانی لە خۆپارێزی تیشکی لە بواری پسپۆریدا هەبێت.

٣- دەبێ بەلایەنی کەمەوە ئەزموونی (٥) ساڵی لە بواری کارەکەیدا هەبێت.

٤- دەبێ لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت .

**یان:**

١- دەبێ بڕوانامەی ماستەری لە بواری پسپۆریتییەکەدا هەبێت.

٢- دەبێ بڕوانامەی خولی راهێنانی لە خۆپارێزی تیشکی لە بواری پسپۆریدا هەبێت.

٣- دەبێ بەلایەنی کەمەوە ئەزموونی (٣) ساڵی لە بواری کارەکەیدا هەبێت.

٤- دەبێ لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت.

**یان:**

١- دەبێ بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری پسپۆریتییەکەدا هەبێت.

٢- دەبێ بڕوانامەی راهێنانی لە خۆپارێزی تیشکی لە بواری پسپۆریدا هەبێت.

٣- دەبێ بەلایەنی کەمەوە ئەزموونی (٢) ساڵی لە بواری کارەکەیدا هەبێت.

٤- دەبێ لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت.

**پێنجەم: پزیشکانی پسپۆر لە تیشك بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردن و پزیشکی ئەتۆمی:-**

١- دەبێ بەلایەنی کەمەوە بڕوانامەی پسپۆری هەبێت.

٢- دەبێ بڕوانامەی خولی ڕاهێنانی لە خۆپارێزی تیشکی لە بواری پسپۆریدا هەبێت.

٣- دەبێ لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت.

**شەشەم: پزیشکانی جێگر لە بەشەکانی تیشك بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردن و پزیشکی ئەتۆمی:-**

١-دەبێ بڕوانامەی خولی ڕاهێنانی لە خۆپارێزی تیشکی لە بواری پسپۆریەتییەکەدا هەبێت.

٢-دەبێ لە ژێر سەرپەرشتی کەسێکی پسپۆرو ڕێپێدراو بێت.

٣-دەبێ لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت.

**حەوتەم: ئەو پزیشکانەی پسپۆڕنین لە بواری تیشك، بەڵام پێویستە کار بکەن لە بواری تیشك:-**

١- دەبێ بڕوانامەی ڕاهێنانی لە (خۆپارێزی تیشکی لەبواری پسپۆریەتییەکە)دا لە سەنتەرێکی باوەڕپێکراوی خۆپاراستن لەتیشک هەبێت.

٢- دەبێ لە ژێر سەرپەرشتی کەسێکی پسپۆرو ڕێپێدراو بێت.

٣- دەبێ لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت.

**هەشتەم: پزیشکانی ددان:-**

١- دەبێ بڕوانامەی خولی راهێنانی هەبێت لە خۆپارێزی تیشکی لە بواری پسپۆریتییەکەدا لە لایەنێکی ڕێپێدراو.

٢- دەبێ لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت.

**ماددەی(٥):**

مەرجە پێویستەکان لە کاتی (هاوردەکردن- گواستنەوە- کۆگاکردن- هەبوون و بەکارهێنان- دووبارە هەناردەکردن)ی سەرچاوە تیشکدەرەکان:

**-پێداویستییەکانی هاوردەکردنی سەرچاوەی تیشکدەر لەلایەن کۆمپانیاکان و دەزگا فەرمییەکان:**

لە کاتی هاوردەکردنی سەرچاوەی تیشکدەر لەلایەن کۆمپانیاکان و دەزگا فەرمییەکان پێویستە ئەم خاڵانە جێبەجێ بکەن:-

**ماوەی بەسەرچوونی مۆڵەتەکە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە تەنها بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ دەبێت.**

١- مۆڵەتی دامەزراندن یان تۆمارکردنی کۆمپانیای هاوردەکار کە لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بەڕێوبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان دەرچوبێت. (وێنەیەکیش لە پاسپۆرت و ناسنامەی وەزیفی بەڕێوەبەری کۆمپانیای لەگەڵدا هاوپێچ کرابێت.

٢-نوسراوێکی فەرمی لەلایەنی کۆمپانیای هاوردەکارەوە کەتێیدا پێویستیان بە سەرچاوەی تیشکدەرو ناوی ئەو لایەنەی کە بەکاری دەهێنێت و شوێنی بەکارهێنانی تێدا رونکرابێتەوە.

٣- نوسراوێکی فەرمی لەلایەنی هاوردەکارەوە کە ڕێگە دەدات بە یەکێک لەفەرمانبەرەکانی سەردانی دەستە بکەن بۆ واژۆکردن و تەواوکردنی ڕێکارەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی هاوردەکردن، ئەم ڕێکارە بەڕێوەبەری لایەنی هاوردەکار ناگرێتەوە بەڵکو کۆپییەک لەپاسپۆرتی بەڕێوەبەر یان ناسنامەی کارەکەی هاوپێچ دەکرێت.

٤- وێنەیەك لە گرێبەستی نێوان لایەنی هاوردەکارو لایەنی دروستکردنی سەرچاوە تیشکدەرەکە ئەگەر نا، وێنەیەك لە داواکاری کڕین.

٥- بەڵگەنامەی دروستکردنی سەرچاوە تیشکاویەکەو ئامێرە پێوەلکاوەکانی گەر هەبوو.

٦- ڕەزامەندی کۆگا کە لەلایەن دەستەی ژینگە لە هەرێمی کوردستانەوە دەرچووبێت.

٧- نوسراوێک لەلایەنی حکومەتەوە (وەزارەتی سامانە سروشتییەکان یان هەر لایەنێکی حکومی دیکە) کە گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیاکەدا هەیە(گەر هەبوو) پشتگیریی لە پێویستیی کۆمپانیاکە دەکات بۆ سەرچاوە تیشکدەرەکە لەو حاڵەتەی کە سەرچاوە تیشکدەرەکە لە رێگەی فرۆکەخانەوە هاوردە کرابێت.

٨- ناوو ژمارەی مۆبایلی بەرپرسی خۆپارێزیی تیشکیی کۆمپانیا لەگەڵ بڕوانامەی ڕاهێنانەکانی و پسپۆڕێتیی زانستیی کە لەبواری تیشکدا بەدەستی هێناوە.

**- پێداویستیەکانی گواستنەوەی سەرچاوەی تیشکدەر:**

ماوەی بەسەرچوونی مۆڵەتەکە تەنها (٣٠) رۆژە لە رێکەوتی دەرچوونی پێدانی وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ گواستنەوەی سەرچاوەی تیشکدەر لەم حاڵەتانەدا پێویستن:

١- لەکاتی گواستنەوەی سەرچاوەی تیشکدەر لە ڕێگەی خاڵە سنوریەکان یان فرۆکەخانە یان بەندەرەکان.

٢- لەکاتی گواستنەوەی سەرچاوەی تیشکدەر لەپارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی دیکەو، لەکاتی تێپەڕبوونی بە کۆمەڵگاکانی نیشتەجێبوون و ڕێگای گشتی یان ڕێگای ئاسنین.

**-بەڵگەنامە پێویستەکان لای دەستە بۆ گواستنەوە:**

١- نوسراوی فەرمی گرێبەستی لایەنی حکومی لەگەڵ کۆمپانیای داواکراو بۆ گواستنەوەی سەرچاوەی تیشکدەر (ئەگەر گرێبەستی هەبێت لەگەڵ حکومەت).

٢- وێنەیەك لە گرێبەستەکە لەگەڵ کۆمپانیای گواستنەوەی سەرچاوەی تیشکدەر.

٣- نوسراوی کۆمپانیای داواکار بۆ گواستنەوەی سەرچاوە تیشکدەرەکە.

٤- نوسراوی فەرمی بەرێوەبەری کۆمپانیای داواکار بۆ گواستنەوەی سەرچاوە تیشکدەرەکە کە یەکێك لە فەرمانبەرانی دەستنیشان دەکات بۆ سەردانی دەستەو ئیمزاکردن و بەدواداچوون بۆ تەواوکردنی رێکارەکانی پێدانی مۆڵەتی گواستنەوە بەهاوپێچکردنی وێنەیەك لەناسنامەی وەزیفی کەسی دەستنیشانکراو.

٥- بەڵگەنامەی شوێنی دروستکردنی سەرچاوە تیشکدەرەکەو ئامێرە پێوەلکاوەکانی.

٦- وێنەیەك لە مۆڵەتی دامەزراندنی کۆمپانیای گواستنەوەی سەرچاوەی تیشکدەر کە دەرچوبێت لە وەزارەتی بازرگانی/ بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لەگەڵ وێنەیەك لە ناسنامەی وەزیفی بەرێوەبەر.

٧- پلانی گواستنەوە و ڕێکارەکانی باری لەناکاو لە کاتی گواستنەوەی سەرچاوە تیشکدەرەکە.

٨- لەکاتی گواستنەوەی سەرچاوەی تیشکدەر بەشێوەی کۆ نەك بە شێوەی تاك، پێویستە لە ڕێگای پۆستی ئەلیکترۆنییەوە ئاگاداری دەستەی ژینگە بکرێتەوە.

٩- پێویستە دەستە لەلایەن کۆمپانیای گواستنەوەی سەرچاوە تیشکدەرەکە بە نوسراوی فەرمی ئاگادار بکرێتەوە، لەکاتی گۆرینی رێگای خاڵە سنورییەکە هەروەها دەبێ هۆکاری گۆرینی خاڵە سنووریەکەش ئاماژەی پێ بکرێت.

١٠-پێویستە کاتی ڕەزامەندی هاوردەکردن و گواستنەوە هەمان کات بێت، بۆ ئەوەی بە زووترین کات سەرچاوەکە بگاتە شوێنی کۆگاکردنی یان شوێنی کارکردنەکەی.

**-ڕێکارە پێویستییەکان لە کاتی گواستنەوەی سەرچاوەکانی تیشکدەر:**

١- دەبێ سەرجەم دامەزراوەکانی گواستنەوەی پاکێجەکانی ماددەی تیشکدەر پابەند بن بە پەیڕەوەکانی دڵنیایی جۆری بە ئامانجی پاراستنی سەلامەتییان ئەوانیش بریتین لە:
أ- پشکنینی پاکێجەکان پێش ناردنیان.
ب- ئەنجامدانی پشکنینی وەرزیانە بۆ پاکێجەکان.
ج- ڕێگری لە هەر دەستکاریکردنێکی پاکێجەکان.

٢- وەرگرتنی ڕێگەپێدانی دەستەی ژینگە بۆ گواستنەوەی پاکێجی سەرچاوە تیشکدەرەکان.

٣- دڵنیابوون لە پێچانەوەی پێکهاتەی نێو پاکێجەکان.

٤- جێگیرکردنی پاکێجەکان لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا بە شێوەیەك لە کاتی ڕووداوەکاندا نەکەوێتە دەرەوەی ئۆتۆمبێلەکە.

٥- ئەنجامدانی ڕوپێوی تیشکی بۆ ئۆتۆمبێلی گواستنەوەکەو شوێنی شۆفێرەکە لەئۆتۆمبێلەکەدا.

٦- دانانی تابلۆکانی ئاگادارکردنەوە لە پشتەوەو هەردوو تەنیشتەکانی هۆکارەکەی گواستنەوەکە (ئۆتۆمبێل).

٧- تەنها شۆفێرەکان و یاریدەدەریان بوونیان هەبێت لەناو ئۆتۆمبێلەکانی گواستنەوەی پاکێجەکانی جۆری دووەم و سێیەم.

**-ڕێنمایی کۆگاکردنی سەرچاوەی تیشکدەر:-**

١- نوسراوی فەرمی لایەنی داواکار ی ڕەزامەندی بۆ دروستکردنی کۆگای سەرچاوەی تیشکدەر .

٢- نوسراوی فەرمی لایەنی داواکار بۆ دەستنیشانکردنی یەکێك لە فەرمانبەرانی بۆ سەردانی دەستەو ئیمزاکردن و بەدواداچوون بۆ تەواوکردنی ڕێکارەکانی پێدانی ڕەزامەندیی کۆگای سەرچاوەی تیشکدەر، لەگەڵ هاوپێچکردنی وێنەیەك لەپاسپۆرت و، ناسنامەی وەزیفی.

٣- نەخشەیەکی هێڵکاریی کە شوێنی کۆگا و دوور و نزیکی لە شوێنی نیشتەجێبوون ڕوون بکاتەوە .

٤- نەخشەیەکی هێڵکاریی کەدووریيەکان و پێوانەو ئەستووری دیواری کۆگا دیار بکات.

٥- ئاگادارکردنەوەی دەستەی ژینگە لەکاتی کۆگاکردنی سەرچاوەی تیشکدەر لە کۆگای کۆمپانیایەکی دی، بە ناردنی وێنەیەک لە گرێبەستی نێوان هەردوولایان بەو مەرجەی کۆمپانیاکەی دیکەش مۆڵەتی کۆگای هەبێت لە دەستەی ژینگە.

٦- دابینکردنی ئامێری پێوانەکردنی تیشکی لە جۆری (مۆنیتیر نغ ایریا) (Monitoring area) لە ژووری کۆگاکردنی سەرچاوەی تیشکدەر.

٧- دابینکردنی ئامێری پێوانەکردنی بەرکەوتنی کەسی لە جۆری (Passive Dosemeter) بۆ سەرجەم کارمەندانی بواری تیشك، بەگوێرەی تایبەتمەندییەکانی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەو، ناردنی ڕاپۆرتەکان بۆ دەستە بەمەبەستی بەدواداچوون .

٨- نوێکردنەوەی مۆڵەتی کوگاکە ساڵانە دەبێت ڕێکەوتی دەرچوونییەوە.

**-مەرجەکانی ئامێری پێوانەی بەرکەوتنی کەسیی بەم جۆرەی خوارەوە دەبێت:**

١- دابینکردنی ئامێری پێوانەی بەرکەوتنی کەسی بۆ هەر کارمەندێک، بەو مەرجەی هیچ کارمەندێک بۆی نەبێت ئامێری کەسی دی بەکاربهێنێت.

٢- دەبێت ئامێرەکان بە کوالێتییەکی وا دروست کرابن کەگونجاو بن بۆ لەپاکەتنان و پێچانەوەو گواستنەوە.

٣- خوێندنەوەی ئامێرەکان و شیکردنەوەی داتاکان باشتر وایە مانگانە بێت و، بشنێردرێن بۆ دەستە بۆ بەدواداچونکردنیان، دەشکرێت خوێندنەوە بۆ ئامێرەکان بکرێت و چەندین جاریش شیکردنەوەیان بۆ بکرێت و، ئەو زانیارییانەش ئەرشیف بکرێن و، لەگەڵ تێپەربوونی کاتیشدا بەدواداچون بۆ بەرکەوتن و هەڵسەنگاندنیش بۆ دۆزە زیادەکان بکرێت.

٤- پارێزگارییکردنی تەواو لە نهێنی بوونی ئەنجامەکان و هەڵگرتنیان بە جۆرێک کە لە کاتی پێویستدا بەدەست بکەونەوە.

٥- پێویستە ئەوانەی کاریان ڕاگایاندنی ئەنجامەکانە، کەسانێکی خاوەنی شارەزاییەکی پیشەیی و لێزانینێکی بەرز بن لەکارداو بە تەواوییش شیاندنکراو بن و، ئامێری گونجاوی چارەسەرکردنیشیان لەبەر دەست بێت.

٦- دابینکردنی تاقیگەیەکی تایبەت لە هەولێر بۆ خوێندنەوەی ئامێرەکان و پاراستنی زانیارییەکان، بەو مەرجەی تاقیگەکە بڕوانامەی ئایزۆ ٩٠٠١ ی هەبێت، پێویستیشە نوسراویان لە کوالێتی کۆنترۆڵ هەبێت کە پشتگیری بکات لەپابەندبوونی کۆمپانیاکە بەو مەرجانەی کە بەپێی داخوازییە ناوخۆییەکان دانراون.

٧- پێویستە کوالێتی ئامێرەکان بەجۆرێک بن کە بەرگەی بەرز و نزمی پلەی گەرمی و تێکڕاکانی شێ بگرن لە هەرێمی کوردستان.

٨- ڕێژەی خوێندنەوەی یان توانای ئامێرەکان بۆ خوێندنەوە بۆ تیشکی سینی و گاما (٥ کیلۆ ئەلکترۆن ڤۆڵت) بۆ (٤٠) میگا ئەلکترۆن ڤۆڵت بێت و، کەمترین بەرکەوتنیش ( ٠١.٠ میللی سیڤرت) و، (زۆرترین بەرکەوتنیش ١٠ میللی سیڤرت) بێت، سەبارەت بە تیشکی بێتا: (١٥٠) کیلۆ ئەلکترۆن ڤۆڵت بۆ (١٠) میگا ئەلکترۆن ڤۆڵت بێت، کەمترین بەرکەوتنیش ( ٠١.٠ میللی سیڤرت) و(زۆرترین بەرکەوتنیش ١٠ سیڤرت) بێت.

٩- پێویستە پێوەرەکان پێوانەکردنی (١٠) Hp( ٠.٠٧،Hp ) یان لە تواناداد بێت زۆر بە وردی بۆ گشت جۆرەکانی تیشک.

١٠- بەکارهێنانی ئامێرەکان بەئاسانی و ، نوسینەوەی زانیارییە کەسییەکانی هەر کارمەندێک لەسەر ئامێری تایبەت بە خۆی.

١١- دانانی نەخشە هێڵکارییەکی ساکار لەسەر ئامێرەکە بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی.

١٢- بەکارهێنانی سیستمێکی کۆمپیوتەری دیقەت بەرز بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و پاراستنیان.

١٣- دابینکردنی ئامێری چاودێری تایبەت بە هەر بەشێک(ئێکس ڕەی، سیتی سکان، قەستەرە ... هتد) بۆ پێوانەکردنی باکگراوندی ناوچەکە (monitoring area).

١٤- لە کاتی هەر ڕووداوێکی کتوپڕدا یان بزربوونی ئامێرێک، پێویستە ژمارەیەک ئامێری یەدەک هەبن.

١٥- پێویستە پرۆسەی پێدانی ئامێرەکان بەتەواوی بن، بەجۆرێک هەر کارمەندێک ئامێری خۆی لەلا بێت بەدرێژایی کارەکەی لەماوەی مانگێکی تەواودا، لە کاتی وەرگرتنی ئامێرە کۆنەکەش لە کارمەندەکە بۆ خوێندنەوەو شیکردنەوەی پێویستە یەکسەر ئامێرێکی نوێی پێ بدرێت.

١٦- کارکردن لەسەر خێرا گەیاندنی ڕاپۆرتەکان بە دەستەو دوانەخستنیان.

١٧- پێویستە ڕاپۆرتەکان گشتگیر بن واتە بەرکەوتنی کارمەندەکە لەماوەی بەکارهێنانی لەو مانگەدا پیشان بدات و، لەگەڵ پێوانەی تیشکی کەڵەکەبوو بۆ ساڵی داهاتوو.

١٨- پێویستە هەڵسەنگاندن بۆ دامەزراوەکە بکرێت لە ڕێگەی لایەنی چاودێرەوە بە بەردەوامی.

١٩- دابینکردنی ستاندی تایبەت بەدۆزمیتەرەکان بۆ دانانی لەشوێنی تایبەت بەخۆی دوای تەواوبوون لە کار.

**-مەرجە تەکنیکییەکان:**

١-دەبێ داپۆشەری ئامێرەکان لە پلاستیک و فلزە کانزاییەکان دروست کرابێت لەگەڵ چوارەم ئۆکسیدی ئەلەمنیۆم/ دۆزەرەوە کەبەهۆی کێشە سووکەکەیەوە بەرگری لە شکاندن دەکات.

٢- هەریەک لە کەڤەرو فیلمەکە دەبێت بە ژمارەی زنجیرەیی شارەوە کۆد بکرێن.

٣- فیلمەکە دەبێت لە پلاستیک یان ئەلەمنیۆم دروستکرابێت.

٤- دابینکردنی کیسەیەکی پلاستیکی دژە ئاو لە کاتی بەکارهێنانی دۆزمیتەرەکە لە ژێر ئاودا.

٥- دەبێ داپۆشەری ئامێرەکە بەرگەی پلەی بەرزی گەرمی بگرێت (٤٠ – ٥٠ پلەی سەدی).

٦- دەبێ ئامێرەکە لە یەکێک لەم وڵاتانە دروست کرابێت ( فەرەنسا، ئوستراليا، ئەمریکا، سوێد).

٧- دەبێ کێشی ئامێرەکە لە (٧٥) گرام زیاتر نەبێت.

٨- نابێ قەبارەی ئامێرەکە لە ٨.٥ cm ١.٦ X ٣.٨ X زیاتر بێت.

٩- دیقەت و وردبینی و بۆ دوبارە شیکردنەوەو تەمەنی فلتەرەکە پێویستە بە شێوەیەک بێت کە بتوانرێت (٥٠) جار دوبارە خوێندنەوە بۆ فلتەرەکە بکرێت پێش ئەوەی ئەنجامەکان لەبەر چاو ون بن.

١٠-دەبێ ئامێرەکە بتوانێت تەمەنی کەڵەکەبووی دۆزە مژراوە تیشکییەکان بژمێرێت.

١١-دەبێ ئامێرەکە توانای ژماردنی بەرکەوتنی رووکەش (HP٠٠٧) و ، بەرکەوتنی قووڵ (HP١٠)، هەروەها بەرکەوتنی هاوێنەی چاو بۆ تیشک(HP٠٠٣ ) و باکگراوند هەبێت.

١٢- ئەژمارکردنی تیشکی ئەلفا و بێتا و گاما.

١٣- سەرجەم کۆمپانیاکان کە ئامێر و سەرچاوەی تیشکدەر بەکاردێنن، دەبێ بڕوانامەی ئایزۆ (١٤٠٠١ ئایزۆ ژینگە) و ئایزۆ (٩٠٠١ ئایزۆ ) بەگوێرەی خەسڵەتە جیهانییەکان (مواصفات) باوەڕپێکراویان هەبێت.

١٤- کواڵێتییە تەکنیکییەکان بۆ توانای ئامێرەکان لە خوێندنەوەی دۆزەکان:

| تیشک | ئەو وزانەی لەتوانادان بدۆزرێنەوە | مەودایکەمترین بەرکەوتن | مەودای ئەوپەی بەرکەوتن |
|---|---|---|---|
| سینیا | من ٥ KeV إلى ٤٠ MeV | ٠.١٠ mSv | ١٠ Sv |
| غاما | من ٥ KeV إلى ٤٠ MeV | ٠.١٠ mSv | ١٠ Sv |
| بیتا | من ٠٥١ KeV إلى ١٠ MeV | ٠.١٠ mSv | ١٠ Sv |

١٥-دەبێ دوو ئامێر بۆ هەر کارمەندێک دابین بکرێت، بە جۆرێک کە ئامێری دووەمی پێدرێت پێش تەواوبوونی ماوەی ئامێری یەکەم بۆ ئەوەی لە پێوانەکردن نەوەستێت.

**-پێداویستیەکانی سەلامەتی لەکۆگاکانی سەرچاوە یان مادده تیشکدەرەکان:**

١- دانانی تۆمارێک بۆ جەردی سەرچاوەکان و تۆمارێک بۆ زانینی جوڵە پێکردنیان و تۆمارێکیش بۆ زانینی پێکهاتەی نێو کۆگاکان لە ڕووی داتای تایبەت بە سەرچاوەکان و بڕو زنجیرەی ژمارەکانیان و دۆخی فیزیاییان و شوێنی کۆگاکردنیان لەناو کۆگاکە، هەروەها بەدواداچوونی جوڵانەوەی سەرچاوە تیشکدەرەکان لە دەرچوونیان لە کۆگا یان گەڕانەوەیان، لەگەڵ ناوی ئەو کەسانەش کە ڕاسپێدراون بە پێدان و وەرگرتنی سەرچاوەکان، هەروەها ئەنجامدانی جەردی بەشێوەی خولی و، دڵنیابوون لە بوونی سەرچاوە تیشکدەرەکان لەناو حاویەکانیان ئەوەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامێری گونجاو بۆ پشکنینی تیشکی.

٢- دابینکردنی کەل و پەلی خۆپاراستنی کەسی و چاودێریکردنی خێرا.

٣- پابەندبوون بە توانای  قەبارەی کۆگاکە.

٤- دیاریکردنی دوورییەکانی کۆگا.

٥- دابینکردنی ئاگر کوژێنەوە وکامێراو ئامرازی ڕووناکی بە شێوەی تەواو.

٦- جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی خۆپاراستنی خێرا لە کاتی ڕووداوە تیشکاوەرەکاندا.

٧- نابێ هیچ ماددەیەکی دیکە عەمبار بکرێن لەگەڵ سەرچاوەکان لەناو کۆگاکە، هەروەها دیاریکردنی. شوێنی کۆگای مادده تەقەمەنییەکانیش ئەگەر هەبوو.

**-پێداویستییەکان لە رووی ئاسایشەوە:**

١- دابینکردنی ئامرازەکانی کەشف (کامێرا ، روناکی ،  کابینەی پاسەوانی).

٢- دابینکردنی ئامرازەکانی ڕێگرتن (پەرژین،  قفڵ) .

٣- دابینکردنی وەڵامدانەوە (هێزی ئاسایش).

**-مەرجە تەکنیکییەکان بۆ دروستکردنی کۆگای داخراو بۆ سەرچاوە تیشکدەرەکان:**

١- دەبێت تایبەتمەندییەکانی ژووری کۆگا بەم شێوەی خوارەوە بێت:

أ-دەبێ دیوارەکان بە خشت یان بلۆك دروست بکرێت، بەلای کەمەوە ئەستووری (٢٠)  سم بێت.

ب-  دەبێ زەوی کۆگاکە لە کۆنکریت بێت، بەلای کەمەوە ئەستووری (١٠)سم بێت، هەروەها دووریەکانی زیاتر لە دووریەکانی ژووری کۆگاکردن بێت بە ماوەیەکی(٠.٥ - ١) مەتر لە هەموو ئاراستەکانی.

ج-  دەبێ سەقفی کۆگا لە کۆنکریتی مسلح بێت،  بەلای کەمەوە ئەستووری (١٠) سم بێت و بارانیشی لەسەر کۆ نەبێتەوە.

د-  دەبێ دەرگای کۆگا لە ئاسن دروست کرابێت و بە دوو چین  بێت  بەلای کەمەوە ئەستووری (٥) سم بێت و قفڵی توندی هەبێت.

ه-  دووریەکانی ژووری کۆگا ئەژمار دەکرێن بە پێی ژمارەی بیرەکان کە تێیدا هەن و، لە لایەن کۆمپانیای خاوەندارەوە دیاری دەکرێن.

٢- دەبێ بیری کۆگاکردنی سەرچاوەکانی تیشکدەر بە دیواری کۆنکریت بێت، بەلای کەمەوە ئەستووری (٥) سم بێت و درێژی هەر لایەکی لە نێوان (٥٠- ٨٠) سم ئەگەر شێوەکەی چوارگۆشە بێت، هەروەها تیرەکەی لە نێوان( ٥٠ - ٨٠) سم ئەگەر بەشێوەی بازنەیی بوو، قووڵییەکەی لە (١) مەتر کەمتر نەبێت لە هەردوو شێوازەکەو، داپۆشەرەکەی گونجاو بێت لەگەڵ جۆرو چالاکی سەرچاوەی تیشکدەر، هەروەها دەبێت قوفڵی توندی هەبێت.

٣- دەبێ لەژووری کۆگا جەگ(رافعە)ی میکانیکی هەبێت، بۆ بەرزکردنەوەی سەرچاوەی تیشکدەر لە بیرەکە بە شێوەی دەستی کار بکات یان کارەبایی بۆ کۆگا گەورەکان.

٤- دەبێت ژووری کۆگا شوێنەکانی گڵۆپ و خاڵی رووناکی هەبێت لە ناوەوە ودەرەوەی.

٥- دەبێت کامیرای چاودێری لە ناوەوە ودەرەوە هەبێت، بە جۆرێك هەموو گۆشەکانی دەورووبەری ببینێت.

٦- دەبێ شوورەی دەرەوە کە دەوری کۆگاکە دەدات لە تەلی(BRC) توند بێت بە شێوەیەك نەدڕێت، تێك نەدرێت ، دەروازەیەکیشی هەبێت لەگەڵ قوفڵی توند.

٧- پێویستە کابینەی پاسەوانی هەبێت لەنزیك کۆگاکە بە دووری (١٥ - ٢٠) مەتر ئەگەر کۆگاکە لە دەرەوەی شوێنی کارکردن دروست کرا بێت، بەڵام ئەگەر کۆگاکە لە ناو کۆمپانیاکە بێت و لەسنوورەکەیدا بوو ئەوسا پێویستە کابینەی پاسەوانی هەبێت بە بێ دیاری کردنی دووریەکان.

٨- هەبوونی ئامێرەکانی پێوانەکردنی باگراوندی تیشکیی بۆ کۆگاکە، یان ئامێری ئەلیکترۆنی جێگیر بێت یان (monitoring area) بێت.

٩- هەبوونی ئامێری ئاگادارکردنەوە بۆ دۆخەکانی دزیکردن یان تێکدان یان هەڵسوکەوتی رێگە پێنەدراو.

١٠- هەبوونی رێکارەکانی هەڵسوکەوتکردنی رۆژانە لەگەڵ سەرچاوەی تیشکدەر (کۆگاکردنیان–دەرکردنیان بە مەبەستی کارکردن و دواتر گەڕانەوەیان).

١١- دەبێت سیستەمی ئاگر کوژێنەوە لە چوارچێوەی شوێنی کۆگادا هەبێت.

١٢- پێویستە هەواکێش (ساحیبەی هەوا) لە چوارچێوەی دیزاینی کۆگاکە بە شێوەیەکی پارێزراو بێت و، بە بەرزیەکی گونجاوو بە شێوەیەك بە ئاسانی کەس نەتوانێت نزیکی بێت یان تێکی بدات و، بە قەبارەیەکیش بێت کە رێگە نەدات کەسێك بەنێویدا بێتە ناو کۆگاکە.

١٣- دەبێت تۆمارێك هەبێت بۆ تۆمارکردنی سەرچاوەی ماددە تیشکدەرەکە .

١٤- دەبێت هێماکانی ئاگادارکردنەوە لە سەرچاوەکانی تیشکدەر بەهەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بنووسرێت.

١٥- پێویستە پێداویستیەکانی خۆپاراستن (بەرگی قورقوشم بۆ پاراستنی جەستە، ئامێرەکانی پێوانەکردنی بەرکەوتەی کەسی، دەستکێشەکان، چاویلکەی پاراستن، پێڵاو) بۆ کارمەندەکان دابین بکرێت.

١٦- دەبێت دووری کۆگاکە لە نیشتەجێبوون بە لای کەمەوە (٥٠٠) مەتر بێت لە هەموو ئاراستەکانەوە.

١٧- دەبێت دووری کۆگاکە لە کۆگای ماددەکانی تەقەمەنی (١٠٠) مەتر بێت بەپێی جۆرو بڕی ماددە تەقەمەنییەکان.

١٨- پێویستە قووڵی ئاستی ئاوی ژێر زەوی لە ناوچەکە (٤٠- ٥٠) مەتر لە رووی زەوی و رێژەی باران، رەچاو بکرێت.

١٩- نابێت هیچ نەمامێك لە دەوروبەری کۆگاکە بچێندرێت کە بەروبوومەکەی یان گەڵاکەی لە خواردەمەنی مرۆڤدا بەکاربهێنرێت.

٢٠- نابێت خواردن وخواردنەوەو جگەرە کێشان و ماددەکانی جوانکاری لەناو کۆگاکە بوونیان هەبێت.

٢١- نابێت رێگە بدرێت بە هیچ کەسێکی بریندار بچێنە ناو کۆگاکە.

٢٢- لە کاتێکدا ئەگەر بەکارهێنانی سەرچاوەکە تەنها لە ژێر زەوی بێت (لە ژێر زەوی بمێنێتەوە)و دەرنەهێنرێتە دەرەوە، لێرەدا پێویست بە بوونی مەرجی کۆگا ناکات بۆ سەرچاوە تیشکدەرەکان، بەڵام دەبێت شوێنێکی دابڕاو دابین بکرێت لەناو شوێنی کارکردن، شوورەی هەبێت لە قاڵبی کۆنکرێت و دەوروبەری بە شوورەی (BRC) بێت لەگەڵ هیماکانی ئاگادارکردنەوە لە بوونی مەترسی تیشك، هەروەها دەرگایەکی توند داخراوی لەگەڵ کامێرەکانی چاودێری لە دەوروبەری هەبێت.

**-پێداویستییەکانی هەبوون و بەکارهێنانی سەرچاوەی تیشکدەر:**

**ماوەی بەسەرچوونی مۆڵەتەکە تەنها (٣٠) رۆژە لە رێکەوتی دەرچوونیەوە:**

١- نوسراوی فەرمی بەرێوەبەری لایەنی هاوردەکاری سەرچاوەی تیشکدەر کە یەکێك لە فەرمانبەرانی دەستنیشان دەکات بۆ سەردانی دەستەو ئیمزاکردن و بەدواداچوون بۆ تەواوکردنی رێکارەکانی پێدانی رەزامەندی کۆگای سەرچاوەی تیشکدەر، بەڵام بۆ بەرێوەبەری لایەنی هاوردەکار هێنانی وێنەیەك لە پاسپۆرت و ناسنامەی وەزیفی پێویستە.

٢- نوسراوی فەرمی لایەنی هاوردەکار تێیدا روونکرابێتەوە کە پێویستیان بە سەرچاوەی تیشکی هەیە، لەگەڵ شوێنی بەکارهێنانەکەی.

٣- بەڵگەنامەی شوێنی دروستکردنی سەرچاوە تیشکاویەکە.

٤- بەڵگەنامەی (کالیبرەیشن)ی ئامێرەکانی تیشک.

٥- پرۆگرامی خۆپاراستن لە تیشك و پلانی باری لەناکاو.

٦- لیستی ئامێرەکانی پشکنینی تیشکی و ئامێری چاودێریکردن و بەرکەوتنی کەسی ( دوزمیتر).

٧- بڕوانامەکانی بەرپرسی خۆپارێزی تیشکی.

٨- رەزامەندی هاوردەکردنی سەرچاوەی تیشکدەر کە لە لایەن دەستەوە رێگەی پێدراوە، بە پێچەوانەوە لەکاتی نەبوونی رەزامەندی دەبێ کۆمپانیا پێبژاردنی پێبکرێت هەر وەکو لە خشتەی ژمارە (١)دا هاتووە .

٩- بەڵێننامەی فەرمی لەو کۆمپانیایە وەربگیرێت، کە داواکاری رەزامەندی کردووەو، لە کاتی کۆتایی هاتنی کاری بەم سەرچاوە تیشکدەرانە، دەبێ سەرچاوە تیشکدەرەکان بگەرێنێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێی هاوردەکراوە.

١٠-نوسراوی فەرمی لایەنی هاوردەکار بە دابینکردنی ئامێری بەرکەوتنی کەسی(دۆزیمیتر) بۆ سەرجەم کارمەندانی کە لە بواری تیشك کاردەکەن و، پشکنینی پزیشکییان بۆ بکرێت.

**-پێداویستیەکانی پێدانی مۆڵەت بۆ دووبارە هەناردەکردن:**

**ماوەی بەسەرچوونی مۆڵەتەکە تەنها (٣٠)ڕۆژە لە دوای ڕێکەوتی دەرچوونییەوە:**

١- هێنانی مۆڵەتی دامەزراندن یان تۆمارکردنی کۆمپانیای دووبارە هەناردەکردنی سەرچاوەکە لەوەزارەتی بازرگانی/ فەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و هاوپێچکردنی، لەگەڵ وێنەیەك لە پاسپۆرت یان ناسنامەی وەزیفی بەڕێوەبەرەکە.

٢- هێنانی نوسراوی فەرمی لە لایەنی دووبارە هەناردەکارەوە بۆ وەرگرتنی ڕێگەپێدان بۆ دووبارە هەناردەکردن.

٣- هێنانی نوسراوی فەرمی لە بەڕێوەبەری لایەنی دووبارە هەناردەکارەوە، کە یەکێك لە فەرمانبەرانی دەستنیشان دەکات بۆ سەردانی دەستەو ئیمزاکردن و بەدواداچوون بۆ تەواوکردنی ڕێکارەکانی پێدانی ڕەزامەندی کۆگای سەرچاوەی تیشکدەر، لەگەڵ هێنانی وێنەیەك لەپاسپۆرت یان ناسنامەی وەزیفی بەڕێوەبەر.

٤- وێنەیەك لە ڕەزامەندی هاوردەکردنی سەرچاوەی تیشکدەر، دەبێ پێشتر لە دەستەوە دەرچووبێت.

٥- هێنانی وێنەیەك لە ڕێگەپێدانی گومرگی بۆ هێنانە ناوەوەی سەرچاوەی تیشکدەر.

٦- هێنانی بەڵگەنامەی شوێنی دروستکردنی سەرچاوە تیشکاویەکەو ئامێرە پێوەلکاوەکانی.

٧-هێنانی لیستی سەرچاوەکانی تیشکدەر کە نیاز وایە دووبارە هەناردە بکرێن.

**ماددەی(٦):**

**-سنووردارێتی بەرکەوتەی کارمەندانی بواری تیشکی پیشەسازی:**

**-سنووردارێتی تایبەت بە دۆزەکانی بەرکەوتن بە تیشکی ئایۆنی:-**

**یەکەم**: سنووردارێتی بەرکەوتەی پیشەیی تایبەت بە کارمەندانی ئەو شوێنانەی کە تیشکی ئایۆنی تێیدا ڕوودەدات وەکو کارلێککەر (Reactor) و تاقیگەی هاوتوخمە تیشکدەرەکان و وێستگەکانی چارەسەرکردنی پاشماوەی تیشکدەرو نەخۆشخانەکانی پزیشکی ئەتۆمی و بەشەکانی رادیۆلۆجی کە ئامێرەکانی دەرهاوێژەری تیشکەکانی ئایۆنی تێیدا هەن و، سەرجەم ئەو شوێنانە کە سەرچاوەی تیشکدەر بەکاردەهێنن بەبێ جیاکاری، بە پێی پێناسەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە تایبەتمەندەکان لە خۆپاراستن لە تیشکی ئایۆنی.

**دووەم** : سنووردارێتی تایبەت بە بەرکەوتنی سەرجەم هاوڵاتیان.

**سێیەم** : سنووردارێتی دەست تێخستن ئاستی ڕێکارەکان لە کاتەکانی بەرکەوتنی کتوپڕ.

**چوارەم** : سنووردارێتی دۆزەکە لە کاتی دەست تێخستن لە هەر دۆخێکدا.

**پێنجەم**: دۆزی ئاکتیڤ ئەو دۆزە لە ئەنجامی کۆی دۆزە هاوتاکانی شانەکان دەردەچێت بە پێی فاکتەرەکانی هەستیاری جۆراوجۆری شانەکان لەبەرامبەر تیشکەکانداو، بەشێوازێکی بیرکاریانەش ئەژمار دەکرێت.

**-سنووردارێتی ئەو دۆزە لە شوێنی کارکردن بە بەراوورد لەگەڵ ئەو دۆزانەی پەیوەندیدارن بە تیشکی ئایۆنییەوە دەبێت، جگە لە بەرکەوتنە پزیشکییەکان و بەرکەوتەی سەرچاوە سروشتییەکان بە پێی خاڵەکانی خوارەوە:**

**یەکەم**: چاودێریکردنی بەرکەوتنی پیشەیی کارمەندەکان لە شوێنی کارکردن نابێت ئەم سنوورانەی خوارەوە تێپەر بکات:

أ - دۆزی ئاکتیڤ (٢٠ ) بیست مللی سیڤرەت ساڵانە، کەدابەش دەکرێت لەسەر (٥) ساڵی یەک لە دوای یەکتر، بە مەرجێك (٥٠) مللی سیڤرەت تێپەر نەکات لە (٥) ساڵدا.

ب- دۆزی هاوتا کە هاوێنەی چاو وەریدەگرێت (١٥٠) مللی سیڤرەت لە یەك ساڵدا.
ج- دۆزی هاوتا کە پەلەکان( دەستەکان، قاچ) یان پێست وەریاندەگرێت، (٥٠٠) مللی سیڤرەتە لە یەك ساڵدا.
**دووەم:** چاودێریکردنی بەرکەوتنی پیشەیی بۆ ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە نێوان شازدە بۆ هەژدە ساڵدایە، کە مەشقیان پێدەکرێت لەسەر ئەو کارانەی توشی بەرکەوتەی تیشکیان دەکاتەوە، یان ئەو قوتابیانەی کە تەمەنیان لە نێوان شازدە بۆ هەژدە ساڵدایە کە بۆ توێژینەوەکانیان سەرچاوەی تیشکدەر بەکاردەهێنن:
أ - دۆزی ئاکتیف (٦) مللی سیڤرەت لە یەك ساڵدا.
ب- دۆزی هاوتا کە هاوێنەی چاو وەریدەگرێت ( ٥٠) مللی سیڤرەت لە یەك ساڵدا .
ج- دۆزی هاوتا کە پەلەکان ( دەستەکان، قاچ) یان پیست وەریاندەگرێت (١٥٠) مللی سیڤرەت لە یەك ساڵدا.
**- سنووردارێتی دۆزەکان لە کاتی بەرکەوتنی بەگشتی خەڵک وەك لای خوارەوە دەبێت:**
**یەکەم:** دۆزی مامناوەندی بەرکەوتنی جەماوەر کە لە شوێنی تیشکی ئایۆنی کاردەکەن، نابێت دۆزەکانیان سنوورەکانی لای خوارەوە تێپەر بکات:
أ- دۆزی ئاکتیڤی (١) مللی سیڤرەت لە(١) ساڵدا.
ب- دۆزی ئاکتیف لە دۆخەکانی تایبەت نابێت زیاتر لە (٥)مللی سیڤەرت تێپەر بکات لە (١)ساڵدا بە مەرجێك نابێت دۆزی مامناوەندی لەسەر مەودای (٥)ساڵی یەک لە دوای یەکتر لە (١) مللی سیڤرەت زیاتر بێت .
ج- دۆزی هاوتا هاوێنەی چاو وەریدەگرێت (١٥ ) مللی سیڤرەت لە(١)ساڵدا.
د- دۆزی هاوتا کە پێست وەریدەگرێت (٥٠ ) مللی سیڤرەت لە(١) ساڵدا.
**دووەم:** دۆزەکانی کەسانی گەورەو هاوڕێ نەخۆشن نابێت لە (٥) ملی سیڤرەت زیاتر بێت و، نەگاتە (١) مللی سیڤرەت بۆ منداڵان.
**سێیەم:** خشتەی خوارەوە بەراوردێک نیشان دەدات لە نێوان یەکە کۆن و نوێیەکان بۆ هەر یەک لە چالاکی تیشکی - دۆزی هەڵمژراو - دۆزی هاوتا:

| بڕەکان | یەکە کۆنەکان | یەکە نوێیەکان | پەیوەندی لە نێوان یەکەی کۆن و نوێ |
|---|---|---|---|
| چالاکی تیشکی | کیوری Ci | بیکرڵ Bq | ١ Ci= ٣.٧ x $١٠^{١٠}$ Bq |
| دۆزی هەڵمژراو | راد rad | گرایGy | ١ rad = ٠.٠١ Gy |
| دۆزی هاوتا | ریم rem | سیڤرەت Sv | ١ rem = ٠.٠١ Sv |

**چوارەم:** ئەوانەی ئاماژەیان پێکراوە لە ناو سنووردارییەکاندا جێبەجێ دەکرێن لەسەر کۆی دۆزە دەرکەوتووەکان لەئەنجامی بەرکەوتەی دەرەکی و، لەسەر دۆزە دەرکەوتووەکانی ئەنجامی پیسبوونی ناوخۆیی لە کاتی بەرکەوتندا.
ئاستەکانی دەست تێخستن لە شوێنی کارکردن بە پێی بوونی فاکتەرەکانی تایبەت بریتین لە گروپە دیاریکراوەکانی جەماوەر وەکو نەخۆشەکانی نەخۆشخانە یان دانیشتوانی خانەی بەساڵاچووەکان، یان زیندانکراوەکان یان بارودۆخی کاریگەری کەش و هەوا یان بوونی دۆخە تێکەڵەکانی وەکو بوومەلەرزەکان و مادە کیمیاییە مەترسیدارەکان و بەربەستەکانی بەردەم گواستنەوە یان بەهۆی ژمارەی زۆری دانیشتوان هەروەها تایبەتمەندییە دەگمەنەکانی دیکەی شوێنەکە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم:** نایابترین ئاستی دەست تێخستنی گشتی بۆ مەبەستەکانی دالّدەدان دەگاتە(١٠) مللی سیڤرەت لەو دۆزەی کە دەتوانین خۆی لێ بەدوور بگرین لە ماوەی(٤٨) کاتژمێردا.

**دووەم:** نایابترین ئاستی دەست تێخستن بۆ مەبەستی چۆڵکردنی کاتیی دەگاتە (٥٠) مللی سیڤرەت لەو دۆزەی کە دەتوانین خۆی لێ بەدوور بگرین لە ماوەی (٧) ڕۆژدا.

**سێیەم:** نایابترین ئاستی دەست تێخستن بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی خۆپارێزانە بە یۆد دەگاتە (١٠٠) مللی گرام لەو دۆزەی هەڵمژراوەی کە دەتوانین خۆی لێ بەدوور بگرین، لەوەی کە پەیوەندی بە ڕژێنی دەرەقییەوە هەیە بەهۆی یۆدی تیشکدەر.

**چوارەم:** نایابترین ئاستی دەست تێخستن بۆ مەبەستی دەستپێك و کۆتاییهێنان بە ڕاگواستنی کاتی دەگاتە (٣٠) مللی سیڤرەت مانگانە و (١٠) مللی سیڤرەت مانگانە یەک لەدوای یەکتردا ئەگەر لە ماوەیەک کە زیاتر نەبێت لە (٢) ساڵ پێشبینیکرا کە دۆزی کۆکراوەی مانگانە لەم ئاستە کەمتر نابێتەوە، پێویستە پێداچوونەوەی تەواو بکرێت بۆ دووبارە نیشتەجێکردنەوەیان.

ئاستی ئەو دۆزەی کە دەست تێخستن پێویست دەکات لەکاتی بەرکەوتەی توندی ئەندامی جەستە یان شانەکان، بەپێی خشتەی خوارەوە دەبێت:

| ئەندام یان شانە | دۆزی هەڵمژراو لە لایەن ئەندام یان شانە کەمتر لە دوو ڕۆژدا ( گرای) |
|---|---|
| تەواوی جەستە (مۆخی ئێسك) | ١ |
| سییەکان | ٦ |
| پێست | ٣ |
| ڕژێنی دەرەقی | ٥ |
| هاوێنەی چاو | ٢ |
| کۆئەندامی زاوزێ | ٢ |

| ئەندام یان شانە | تێکرای دۆزی هاوتا سیڤرەت / ساڵ |
|---|---|
| کۆئەندامی زاوزێ | ٠.٢ |
| هاوێنەی چاو | ٠.١ |
| مۆخی ئێسك | ٠.٤ |

**ماددەی(٧):**

**-ڕێکارەکانی پیسبوون بە تیشك:** لە کاتی دۆزینەوەی دزەکردن و بڵاوبوونەوەی پیسبوونی تیشکی لە شوێنی کارکردن پێویستە لایەنی پسپۆر ئەم ڕێکارانەی خوارەوە ئەنجام بدات:

١- دەستپێکردنی خێرا بۆ جێبەجێکردنی ڕێکارە پشراستکراوەکانی کۆمپانیا بۆ باری لەناکاو.

٢- تەنها کەسانی ڕێگەپێدراو کە پێداویستیەکانی خۆپاراستنی کەسی و ئامێرەکانی پاککردنەوەیان هەیە دەتوانن بچنە ناو شوێنە پیسبووەکە.

٣- ئاگادارکردنەوەی دامەزراوە ژینگەییەکان بە ئەگەری مەترسییەکان و دیاریکردنی شوێنە پیسبووەکە یان ڕووبەری کەرتی پیسبوو لەگەڵ بڕی پیسبوونەکە (بڕی ماددە دزەکردووەکە).

٤- چاودێریکردنی شوێنی پیسبوون بە ئامرازی گونجاوی پشکنین و هەڵسەنگاندنی زیانی مەترسییە پێشبینیکراوەکان.

٥- جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی پاراستنی ژینگە (دابڕاندنی شوێنەکانی پیسبوون و دابینکردنی هێماکانی ئاگادارکردنەوەی گونجاو بۆ سنوورەکەی، ئەگەر هاتوو شوێنە پیسبووەکە بە ئاوی ژێر زەوی بەسترابووەوە، لەم کاتەدا پێویستە ڕێکارەکانی دابڕاندنی گونجاو ئەنجام بدرێت پێش ژێر خاکخستنی شوێنەکە).

٦- لایەنی ڕێگەپێدراو ئەرکی قەرەبۆی زیانە ماددی و مرۆییەکان دەگرێتە ئەستۆ، پابەند دەبێت بە بەدواداچوون بۆ کارەکانی پاککردنەوە بەهاوکاری ئەو ڕێکخراوانەی پسپۆڕو شیاون.

**ماددەی(٨):**

لایەنی ڕێگەپێدراو دەبێت پابەند بێت بە ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە چارەسەرکردنی سەرچاوە تیشکدەرەکان لە کاتی بوونی ماددەی تیشکدەری بەکارهێنراو یان سەرچاوەی تیشکدەری تەمەن بەسەرچوو.

**ماددەی(٩):**

لایەنی ڕێگە پێدراو دەبێت حاویەکان بۆ سەرچاوەکان یان بۆ ماددە تیشکدەرەکان دابین بکات بەپێی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و، هەروەها دەبێت ملکەچ بێت بۆ تاقیکردنەوە فیزیاییەکان.

**ماددەی(١٠):**

پێویستە لەسەر لایەنی ڕێگەپێدراو کەسەرچاوە تیشکدەرەکان هاوردە دەکات و بەکاریان دەهێنێت دامەزراوە ژینگەییەکان ئاگادار بکاتەوە پێش هاوردەکردن، بۆ وەرگرتنی ڕێپێدانە مەرجدارەکانیان لەبارەی ( هاوردەکردن، گواستنەوە، کۆگاکردن، هەبوون و بەکارهێنان، دووبارە هەناردەکردن).

**ماددەی(١١):**

پێویستە لەسەر لایەنی ڕێگەپێدراو ماددە تیشکدەرەکان بپارێزێت لەناو حاویەی تایبەت و بەتوندیش دایانبخات لەگەڵ دانانی هێماکانی ئاگادارکردنەوە لە مەترسییەکانی تیشک.

**ماددەی(١٢):**

دەبێت لایەنی ڕێگەپێدراو هۆکاری گواستنەوە دابین بکات بۆ گواستنەوەی سەرچاوەی تیشکدەر بەشێوەیەک هیچ تیشکێك دزە نەکات بۆ شوێنی شۆفێر، ئەمەش لە ڕێگەی دانانی بەربەستێکی قوڕقوشمی لە نێوان شۆفێرو سەرچاوەکەو، داپۆشینی دەورووبەری سەرچاوەکە لە گشت لایەکەوە بە بەربەستی قوڕقوشم، هەروەها حاویەی سەرچاوەکەش دەبێت شۆفێرەکە هەڵگری ئامێری پێوانەی بەرکەوتنی کەسی بێت جۆری (PASSIVE و ACTIVE ) لەگەڵ بەروانکەی قوڕقوشم بۆ خۆپاراستن لە تیشکی ئایۆنی، هەروەها ئامێری ئەلیکترۆنی بۆ پێوانەکردنی تیشك بەشێوەی خێرا، دەبێت پێداویستیەکانی فریاگوزارییشی هەبێت لە حاڵەتی ڕووداوی تیشکی لەکاتی گواستنەوەی سەرچاوەکە، هەروەها دەبێت دڵنیابوون هەبێت لە بوونی ڕێنماییەکانی باری لەناکاو لەناو ئۆتۆمبێلی گوێزەرەوەو، ڕاهینانی کارمەندانی راسپێدراو بەگواستنەوەی سەرچاوەکانیش لەسەر ئەو ڕێکارانەی کە پێویستە بگیرێنە بەر لە کاتی ڕووداوەکاندا.

**ماددەی(١٣):**

دەبێ لایەنی ڕێگەپێدراو شوێن و پێداویستییەکانی تایبەت بە لابردنی پیسبوونی کەسان و ئامێرەکانی نزیک لە شوێنی کار دابین بکات لەکاتی دزەکردنی تیشك، پێویستە بۆ لابردنی پیسبوونیش لەم شوێنانەدا ئامرازو ماددەی شوشتن و خاوێنکردنەوەی هەبێت.

**ماددەی(١٤):**
پێویستە لەسەر لایەنی ڕێگەپێدراو ڕێگە بدات بە پشکنەرەکانی دەستەی ژینگەو فەرمانگەکانی بۆ پشکنینی سەرجەم کارو سەرچاوەکانی تیشکدەر بەشێوەی خولی یان هەرکاتێك پێویست بێت، بۆ دڵنیابوون لە پابەندبوون بە ڕینماییەکانی پاراستن و سەلامەتبوون لە تیشکەکان.

**ماددەی(١٥):**
هەر بەربەست دانانێک یان دواخستنێک ئەنجام بدرێت بەرامبەر کاری پشکێنەری دەستەی ژینگەو فەرمانگەکانی یان کەسانی ڕێپێدراو، دەرئەنجامی ئەم کردەوەیە هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکە دەبێت یان ڕاگرتنی لە کارەکەی، بەڵام ڕەتکردنەوەی پشکنینەکە ڕاستەوخۆ مۆڵەتەکە هەڵدەوەشێنێتەوە، لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنی سەرجەم ماددەو سەرچاوەکانی تیشکدەر لە لایەن دامەزراوە ژینگەییەکان و کۆگاکردنیان بە شێوەی ڕێك وپێك و سەلامەت و گونجاو لەسەر ئەرکی خاوەنی ڕێگەپێدانەکە دەبێت، جگە لەو سزایانەی دیکە کەبەسەریدا دەسەپێنرێت.

**ماددەی(١٦):**
پێویستە لەسەر سەرجەم دامەزراوە پزیشکی و پیشەسازی و توێژینەوەو نەوتییەکان پابەندبن بەدابینکردنی ئامێرەکانی پێوانەی بەرکەوتنی کەسی (دۆزمیتەر/ پاسیف دۆزمیتەر) بۆ کارمەندەکانی بواری تیشکی ئایۆنی لە ڕێگای کۆمپانیا پەسەندکراوەکان لای دەستەی ژینگە.

**ماددەی(١٧):**
سەرپێچیکارانی ئەم ڕێنماییە سزا دەدرێن بە پێی ماددەکانی(٤٢ و٤٣) لە یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ی پاراستن و چاکردنی ژینگەو یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان.

**ماددەی(١٨):**
ئەو سزاو پێبژاردنانەی کە لە سەرپێچیکاران وەردەگیرێت، وەکو داهاتێک بەشێکی بۆ سندوقی ژینگە دەگەڕێتەوەو، بەشەکەی دیکەشی بە پشت بەستن بە ماددەی بیستەم لە یاسای پاراستن و چاکردنی ژینگە ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ دەستە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری دوای ئەوەی سیستەمێک بۆ هاندان ئامادە دەکات، دواتر دەیدات بەوکەسانەی کە لەهەمان ماددە دیاری کردووون.

**ماددەی(١٩):** دەبێت لایەنە پەیوەندیدارەکان پابەندی ئەم ڕێنماییە بن.

**ماددەی(٢٠): سزاکان:**
ماددەکانی (٣٤) و (٣٥) لە یاسای پاراستن و چاکردنی ژینگە ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨، ڕێگا دەگرێت لە بەکۆگاکردن یان لە ناوبردنی پاشماوە مەترسیدارەکان لەوانەش تیشکدەرەکان، مەگەر بە پێی ڕێنماییە دەرچووەکان لە لایەن دەستەی ژینگە بێت، هەروەها ئاماژە بە ماددەی (٤٣) لە یاسای ناوبراو لەبارەی لێکەوتە یاساییەکانی سەر سەرپێچیکار، لەگەڵ برگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم ) لە ماددەی(٣٥)و ئەنجامدانی ڕێکارە یاساییەکان بەرامبەری، کە تێیدا سەرپێچکار سزا دەدرێت بە پێی برگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم ) لە یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ بە زیندانیکردنی و گەڕانەوەی ماددەکان یان پاشماوە مەترسیدارەکان بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتووە یان لەناوبردنی بە شێوەیەکی بێ زیان لەگەڵ قەرەبووکردنەوە.

**ماددەی(٢١): حوكمە گشتییەكان:**

١- دەستەی ژینگەو فەرمانگەكانی هەڵدەستن بە چاودێریكردنی دامەزراوەكان و ئەو شوێنانە كەماددە تیشكدەرەكانی تێدا هەن، بۆ دڵنیابوون لەگونجاوییان لەگەڵ تایبەتمەندییە ژینگەییە پاڵپشتكراوەكان.

٢- ڕەچاوكردنی جێبەجێكردنی ئەو یاساو ڕێنماییانەی كە لەلایەن فەرمانگە تایبەتمەندو پسپۆڕەكانەوە دەردەچن.

٣- ئەم ڕێنماییە لەئاییندەدا نوێ دەكرێتەوە یان هەموار دەكرێتەوە یان هەڵدەوەشێندرێتەوە، بەپێی ڕێككەوتننامە نێودەوڵەتییەكان و پێداویستییە ژینگەییەكان.

**ماددەی(٢٢):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) كاری پێدەكرێت.

**ئەندازیار / عبدالرحمن صديق**

**سەرۆكی دەستەی پاراستن و چاككردنی ژینگە**

**خشتەی ژمارە (١)**

**پێبژاردنەكانی تایبەت بە سەرپێچیكردنی ڕێنماییەكانی سەرچاوە تیشكدەرەكان**

| ژمارە | جۆری سەرپێچیەكان | بڕی پارە بە دیناری عێراقی |
|---|---|---|
| ١ | دابین نەكردنی ئامێرەكانی پێوانەی بەركەوتنی كەسی بۆ كارمەندان لەبواری تیشكی ئایۆنی (دۆزمیتر). | ٣٠٠٠٠٠٠ سێ ملیۆن |
| ٢ | دابین نەكردنی پێداویستیەكانی پاراستنی كارمەندان لەبواری تیشكی ئایۆنی. | ٣٠٠٠٠٠٠ سێ ملیۆن |
| ٣ | هاوكاریی نەكردن لەگەڵ تیمی پشكنینی دەستەی ژینگە. | ٢٠٠٠٠٠٠ دوو ملیۆن |
| ٤ | پابەندنەبوون بەگشت مەرجەكانی (هاوردەكردن گواستنەوە، هەبوون و بەكارهێنانی، هەناردەكردن). | ٣٠٠٠٠٠٠ سێ ملیۆن |
| ٥ | نەبوونی بەرپرسی خۆپارێزی لە تیشك. | ٢٠٠٠٠٠٠ دوو ملیۆن |
| ٦ | نەناردنەوەی سەرچاوە كە بۆ شوێنی خۆی دوای تەواوبوون لە بەكارهێنانی. | ٦٠٠٠٠٠٠ شەش ملیۆن |
| ٧ | هێنانی سەرچاوەی تیشكدەر یان ماددەیەكی تیشكدەر بۆ نێو سنووری هەرێمی كوردستان بەبێ ئاگاداركردنەوەی دەستەی ژینگە. | ١٠٠٠٠٠٠٠ دە ملیۆن |
| ٨ | بنیاتنانی كۆگایەك بە پێچەوانەی ڕێنماییە دەرچووەكان لە دەستەی ژینگە. | ٥٠٠٠٠٠٠ پێنج ملیۆن |
| ٩ | فرێدانی پارچەی سكرابی پیسبوو بە تیشك لە شوێنە گشتییەكان و، پابەندنەبوون بە ڕێكارەكانی دابڕین كە لەلایەن دەستەی ژینگەوە داواكراون. | ١٠٠٠٠٠٠٠ دە ملیۆن |

**وەزارەتی داد**

**ژمارە:١٠٥٢/٢٠ لە ٢٠٢٢/١٠/٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە و ئاماژە بەنووسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد ژمارە (٥٨٥٠) لە ٢٠٢٢/١٠/٥ لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە :

**بەیانی**

**ژمارە(١٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**

١- ڕاگرتنی کاروبارەکانی (**بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سۆران** ) بۆ ماوەی **(٣/ڕۆژ)** لە ڕێکەوتی **(٢٠٢٢/١٠/١١) تا (٢٠٢٢/١٠/١٣)** بەهۆی گواستنەوەی شوێنی بەڕێوەبەرایەتی ئاماژەپێکراو بۆ شوێنێکی تر.

٢- ئەم بەیانە لەڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاوکردنەوەی

**فەرسەت أحمد عبدالله**

**وەزیـــری داد**